گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: 10.26750/ryybks66
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 10/03/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 16/06/2025
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/08/2025

# ڕەوشی کریستیانەکانی ویلایەتی موسڵ لەسایەی سیاسەتەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا (١٨٧٩-١٩٠٠ ز) (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی – شیکارییە)

لقمان محمدامین بابکر[١] - دارا تۆفیق کاکەامین[٢]
daratofiyq@uor.edu.krd Luqman.131123017@uor.edu.krd
[١+٢] بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

باسکردن لە پێکهاتە ئاینییە ناموسڵمانەکانی ویلایەتی موسڵ لەسەردەمی عوسمانیدا بەتایبەت کریستیانەکان، گرنگی و تایبەتمەندی زۆری هەیە، فاکتەرە کاریگەرەکانی ئەم گرنگییەش دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی جوگرافی پڕبایەخی ویلایەتەکە و بایەخدانی وڵاتە ئەوروپییەکان بەکریستیانەکان، بەپاڵنەری سیاسی و ئاینی و ئابوری و سەربازی، ئەمەش کاریگەری گەورەی لەسەر سیاسەت و تێڕوانینی دەسەڵاتدارانی عوسمانی بەرانبەر ئەم پێکهاتەیە دروستکردوە.

ئەم توێژینەوە لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوەی گرتوە، کە کریستیانەکان ڕۆڵ و پێگەیان لە بوارەکانی کارگێڕی و خوێندن و تەندروستی و خزمەتگوزارییە ئاینییەکانی ویلایەتی موسڵدا هەبوە، ئەم پێگە و ڕۆڵەشیان لەدەرەنجامی سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانییەوە سەرچاوەی گرتوە، کە ڕێگریيان لێنەکراوە لەئەنجامدانی پەرستشەکانیان و دامەزراندنیان لە دامودەزگا کارگێڕییەکاندا، جگە لە بەخشرانیان لە خزمەتی سەربازی، بەهۆی پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتەش، لەچەندین بواردا ماف و ئیمتیازاتیان پێدراوە و لێبوردوانەتر مامەڵەیان لەگەڵ کراوە، بەراورد بە پێکهاتە ئاینییە ناموسڵمانەکانی دیکەی ئەم ویلایەتە، بەڵام لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا زۆر جار کەوتونوتە بەر نادادی و ستەمی بەرپرسان و دەوڵەتیش.

لەم توێژینەوەدا کە تایبەتە بە قۆناغێکی دیاریکراو لەسیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی بەرامبەر بە کریستیانەکانی ویلایەتی موسڵ ڕونیدەکەینەوە، کە ڕەوشی ژیانی کریستیانەکان لەو قۆناغەدا چۆن بوە؟ تا چەند هەلومەرجی پێکەوەژیان و کارایيان لەناو دامودەزگاکانی دەوڵەتدا دەرکەوتوە؟ ئەمانە و چەند پرسێکی دیکە بە پشت بەستن بەمیتۆدی شیکاری و وەسفی و خستنەڕوی زانیارییەکان دەبنە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە.

کلیلی وشەکان: ویلایەتی موسڵ، کریستیان، پلەو پایە، خزمەتگوزارییە ئاینییەکان، دەوڵەتی عوسمانی

# The Status of Christians in the Mosul Province Under the Policies of the Ottoman State (1879–1900 AD) (A Historical-Analytical Study)

**[1]Luqman Mohammedamin Babakr** **[2] Dara Tawfeeq Kaka Amin**

[1+2]Department of History, College of Humanities,University of Raparin,Ranya,Kurdistan region , Iraq

## Abstract:

This study discusses the status and conditions of the Christian communities in the Mosul Province during the Ottoman era, specifically between the years 1879 and 1900. Focusing on the non-Muslim religious components of the province, particularly Christians, the research highlights their importance and unique position. The key factors behind this importance include the province's strategically significant geographical location and the interest shown by European countries in Christians as political, religious, economic, and military allies. These dynamics greatly influenced the Ottoman authorities' policies and perceptions toward this group.

The study draws from sources that indicate Christians held notable roles in administration, education, healthcare, and religious services within the province. Their presence and contributions were shaped by Ottoman policies that, while granting certain rights and privileges (such as exemption from military service), also subjected them to various restrictions and inequalities. Compared to other non-Muslim groups in the province, Christians often enjoyed more privileges, yet they also frequently faced injustice and oppression from officials and the state.

This research specifically sheds light on a distinct period in Ottoman policy toward Christians in Mosul, addressing questions such as: To what extent were Christians respected as an internal community of the state? What was their lifestyle like during this period? How integrated were they into the state's administrative institutions? And how did international developments influence the Ottoman Empire's treatment of Christians? These and other questions form the core objectives of the study.

**Keywords:** Mosul Province, Christians, Social Status, Religious Services, Ottoman Empire.

## پێشەکی

توێژینەوە دەربارەی کریستیانەکانی ویلایەتی موسڵ لەماوەی نێوان ساڵانی (١٨٧٩ – ١٩٠٠ز) لێکۆڵینەوەیەکی گرنگ و پڕبایەخە، بەهۆی هەستیاری ئەم قۆناغە و گۆڕانکارییە بەردەوامەکان لەناوچەکەدا، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم گۆڕانکارییەش لاوازبونی دەوڵەتی عوسمانی بوە، بەڕادەیەک زلهێزەکان بەردەوام لەهەوڵی سەپاندنی هەژمونی زیاتر دابون، بەسەر ناوچەکانی دەوڵەتی ناوبراودا، یەکێک لەو ڕێگا و دەروازانەش کە لەڕێگەیەوە زیاتر دەستیان خستۆتە ناو کاروباری ئەم دەوڵەتەوە کریستیانەکان بون، چونکە دەوڵەتە ئەوروپییەکان خۆیان بەپارێزەری ئەم پێکهاتەیە زانیوە، بەڕادەیەک لەڕێگەی نوێنەرایەتییەکانیانەوە لەئەستەمبوڵ توانیویانە پاڵەپەستۆ لەسەر دەوڵەتی عوسمانی دروست بکەن، ئەمەش کاریگەری هەبوە لەسەر سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی بەرامبەر کریستانەکان، بەجۆرێک دەسەڵاتدارانی عوسمانی تاڕادەیەکی زۆر دەستوەردانیان لەکاروباری ئەم پێکهاتەیەدا نەکردوە، لەژێر کاریگەری ئەم سیاسەتەشدا کریستانەکانی موسڵ توانیویانە ڕۆڵ و پێگەی خۆیان هەبێت لەسەرجەم بوارەکاندا.

**گرنگی توێژینەوەکە :** گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کەتیشک دەخاتە سەر بابەتێکی هەستیار کە کێشەی کەمینەکانە لەدەوڵەتی عوسمانیدا، بەتایبەتیش کریستیانەکان، کە سەرباری جیاوازی ئاینییان، زۆرجاریش وەکو کارتێک دژی دەوڵەتی عوسمانی لەلایەن زلهێزەکانی سەردەمەوە بەکارهاتون، لەبەرئەوە بەپشتبەستن بەبەڵگەنامەکان و سەرچاوە ڕەسەنەکان ئەم توێژینەوەیە ئەنجام دراوە، کە تیایدا سود و گرنگی بۆ پێکەوە ژیانی نەتەوە جیاوازەکان دەبێت.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:** نەبونی توێژینەوەیەکی تایبەت بەم بابەتە، بەتایبەت لەماوەی لێکۆڵینەوەدا، هۆکارێکی سەرەکی هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیەیە، سەرباری بەدەستهێنانی چەند بەڵگەنامەیەکی بڵاونەکراوە، کە زانیاری بایەخداریان تێدایە دەربارەی کریستیانەکانی ویلایەتی موسڵ لەماوەی توێژینەوەدا.

**پرسی توێژینەوە:** بۆ وەڵامدانەوەی چەند پرسێکە سەبارەت بەسیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی بەرانبەر کریستیانەکانی ویلایەتی موسڵ، لەوانە والی و دەسەڵاتدانی عوسمانی لەم ویلایەتەدا تاچەند پابەندبون بە سیاسەتی گشتی دەوڵەتی عوسمانی؟ مامەڵە لەگەڵ پەیڕەوانی ئەم ئاینە لەڕوی جێبەجێکردنی پەرستشەکان و دابونەریت و ڕێوڕەسمەکان و بواری پەروەردە و فێرکاری چۆن بوە؟ کاریگەری دەرەکی ڕۆڵی لەسەر سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی بەرانبەر کریستیانەکانی ویلایەتی موسڵ چۆن بوە؟

**میتۆدی توێژینەوە:** هەوڵدراوە بەپێی سروشتی ناوەڕۆکی توێژینەوەکە پشت بە میتۆدێک ببەسترێت کە لەگەڵی بگونجێت، لەو چواچێوەیەشدا میتۆدی شیکاری مێژویی بەکارهێنراوە، هەندێ جاریش میتۆدی وەسفی و خستنەڕوی زانیارییەکان بەکارهاتوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە سەرەڕای پوختە و پێشەکی لە پێنج باسی سەرەکی پێکدێت، باسی یەکەم پێگەی کریستیانەکان لەهەڵکەوتەی جوگرافی و کارگێڕی ویلایەتی موسڵدا دەخاتەڕو، لە باسی دوەمدا ڕەوشی کارگێڕی و پلە و پایەی کریستیانەکان باسکراوە، باسی سێیەم باج و خزمەتی سەربازی خراوەتەڕو، باسی چوارەمیش ڕەوشی خوێندن و تەندروستی و خزمەتگوزارییە ئاینییەکان لەخۆدەگرێت، باسی پێنجەمیش بۆ جەژن و سروتە ئاینی و نەریتەکانیان تەرخانکراوە.

**گرفتی توێژینەوەکە:** یەکێک لە گرفتەکانی ئەم توێژینەوەیە دەسکەوتنی بەڵگەنامەی بڵاونەکراوە و وەرگێڕانیان بو، جگە لەهەوڵدانی زۆر بۆ دەسکەوتنی ژمارەیەک سەرچاوە، سەرباری هەمو ئەمانە جیاوازی ڕای سەرچاوەکان دەربارەی سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی بەرانبەر کریستیانەکانی ویلایەتی موسڵ، ئەمانە لە گرنگترین گرفتەکانی ئەم توێژینەوەیە بون.

**شیکردنەوەی سەرچاوەکان:** بۆ نوسینی ئەم توێژینەوەیە پشت بەچەندین سەرچاوەی جۆراوجۆر بەستراوە، لەوانە بەڵگەنامەی بڵاونەکراوەی ئەرشیفی دەوڵەتی عوسمانی، هەروەها ساڵنامەکانی ویلایەتی موسڵ، جگە لە چەندین کتێب بەزمانەکانی عەرەبی و کوردی و نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا و گۆڤارەکان بەکارهاتوە، لە نمونەی ئەوانە I.MMS.79.345، نعمة عبدالخالق جاسم العبيدى، الاقليات الدينية في العراق في العهد العثماني الأخير (١٨٣١-١٩١٤)، هەروەها سالنامه ولايت موصل (١٣٠٨ ھ - ١٨٩٠م)، موصل ولايتى مطبعة سندة طبع اولنشمدر، عبدالحميد الأرقط، دور الأقليات الدينية في المجتمع العراقي خلال العهد العثماني (1517- ١٩١٧م)، ئەم سەرچاوانە سودی زۆریان لێوەرگیراوە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە.

## باسی یەکەم: پێگەی کریستیانەکان لەهەڵکەوتەی جوگرافی و کارگێڕی ویلایەتی موسڵ

توێژینەوە لەهەر قۆناغێکی مێژویی گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، نەخاسمە خەسڵەت و تایبەتمەندی جوگرافی و ڕەهەندە جیاوازەکانی کاریگەرییان بەسەر ڕوداوەکاندا هەبوبێت، سەرباری ئەوەی زۆر جار قۆناغ و سەردەمەکان بەشێوەیەکی ئەڵقەبەندی وابەستەی یەکدین، لەبەرئەوە گرنگە ئاوڕێکی خێرا لەسەردەمی پێش لێکۆڵینەوەکە بدرێتەوە، سروشتی ئەم توێژینەوەیەش کە بۆیەکێک لە پێکهاتە ئاینییە ناموسڵمانەکانی ویلایەتی موسڵ لەماوەی ساڵانی (١٨٧٩-١٩٠٠) تەرخانکراوە، وادەخوازێت بەکورتی ئاماژەیەک بەڕەهەندە جوگرافی و مێژوییەکەی بدرێت.

موسڵ وەک مەڵبەندێکی ئاوەدانی و شارستانی مێژویەکی دێرینی هەیە، سروشت و هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی کاریگەری دیاری لەسەر ڕەوتی ڕوداوە سیاسی وشارستانییەکان هەبوە، (رؤوف، ١٩٧٥، ٩) ئەم پێگەیە بۆتە پردی پەیوەندی نێوان نیساپور و دیمەشق، جگەلەوەی ناوچەکانی خۆرهەڵات و خۆرئاوای بەیەکەوە بەستۆتەوە، لەلایەکی دیکەوە ئەڵقەی پەیوەندی نێوان ناوچە عەرەبی و کوردییەکان بوە، (مزيرى، ٢٠٠٦، ٣) لەگەڵ هەمو ئەمانەدا پردی بەیەکگەیاندنی نێوان چوار ناوچەی جوگرافی جیاواز بوە، کە ئەوانیش هەرێمی جزیرە و هەرێمی عێراق و ناوچەی شاخاوی و ناوچەی بیابان بون.(زەيدى، ٢٠١٥، ٦٩)

بەلێوردبونەوە لەمێژوی موسڵ هەست بەیەکێک لەدیارترین دیاردە شارستانییەکانی دەکرێت، ئەویش بریتیبوە لە نیشتەجێبونی ڕەگەز و نەژادی جیاجیا، لەپێکهاتەی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی، بەمەش مێژوی شارستانی شارەکەی دەوڵەمەنتر و فرە کەلتورتر کردوە، بەتایبەت ماوەی لێکۆڵینەوەکە ئەم فرەجۆریەی پێوە دیاربوە، (الدومنيكى، ٢٠٠٠، ٢١) دوای فراوانبونی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی لەمانگی ئایاری ساڵی (١٥١٦)دا موسڵ کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئەم دەوڵەتەوە، لەڕوی بەڕێوەبردنەوە تاسەردەمی سوڵتان (سلێمانی قانونی ١٥٢٠- ١٥٦٦)، سیستەمی فیوداڵی سەربازی لەم شارەدا جێبەجێکراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بایەخ و گرنگی ستراتیژی بۆ دەوڵەتی عوسمانی هەبوە، چونکە لەڕێگەی ئەم ئەیالەتەوە توانراوە کاریگەری زۆر بخرێتە سەر میرنشینە کوردییەکان، (داؤد، ٢٠١٨، ٤٨؛ مراد، ١٩٩٢، ١٤) هەرچەندە لەم قۆناغەدا لەڕوی کارگێڕی و بەڕێوەبردنەوە سەر بە دیاربەکر و ڕوها بوە، ئەمەش پێدەچێت پەیوەندی

بەسەرقاڵی دەوڵەتی عوسمانی و هەوڵدانیان بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتیان بەسەرناوچەکەدا هەبوبێت، (الجمیل، ۱۹۹۷، ۱۱۱) دواتریش سەر بەئەیالەتی بەغداد بوە، تاوەکو لەساڵی(۱۸٥٦) بوە بە ئەیالەتێکی سەربەخۆ.(الشطری، ۲۰۱۲، ۳۸)

لەم ئەیالەتەدا دانیشتوانی تێکەڵاو لەپێکهاتەی ئاینی جیاواز و ژمارەیەک لەکەمینەکان ژیاون، بەجۆرێک هەر پێکهاتەیەکی ئاینی سەرکردە و وەقفی ئاینی تایبەتی خۆی هەبوە، جگەلەوەی شوێنی پەرستن و فێربون بۆ پەیرەوانیان دابینکراوە، دەوڵەتی عوسمانی ڕێگەی بەهەر گروپێکی ئاینیش داوە بەپێی سیستمی ئاینی خۆی پەیرەوانی بەڕێوەببات، سەرەڕای ئەوانەش دەسەڵات بەڕێبەرانیان دراوە کە یاسای ئەو ئاینە بەسەر شوێنکەوتوانیاندا بسەپێنن، سەرۆکی مەزهەبە ئاینییەکانیش لەلایەن سوڵتانەوە دیاریکراوە، کە بەرپرسیار بوە لەسەلامەتی هاووڵاتیان و وەرگرتنی باج و چارەسەری ناکۆکی نێوان شوێنکەوتوانی و جێبەجێکردنی یاسای کەسی و بنەماڵەیی بەپێی بیروباوەڕی خۆیان. (شیلدز،۲۰۰۸، ٥٦)

هەر لەچوارچێوەی ڕێکخستنەوەی پیکهاتەی ئیداری دەوڵەتی عوسمانیدا لەساڵی (۱۸٦٤) سیستەمی ویلایەت ڕاگەیاندراوە، بەڵام ئەم یاسایە لەعێراقدا جێبەجێنەکراوە، تا مەدحەت پاشا (۱۸٦۹- ۱۸۷۲) بوە بە والی عێراق و ئەم ناوچەیەی دابەشکردوە بەسەر دو ویلایەتدا، ئەوانیش (بەغداد وبەسرە) و (موسڵ و شارەزور)، (عبدالقادر، ۱۹۹۸،۱٥۹) هەرچەندە هەندێک سەرچاوە پێیانوایە هەمو عێراقی کردوە بەیەک ویلایەت ئەویش بەغداد بوە، ئەم ویلایەتەشی دابەشکردوە بەسەر دە سەنجەقدا، ئەوانیش بەغداد، بەسرە، موسڵ، سلێمانی، شارەزور، دلیم، کەربەلا، دیوانیە، عەمارە، مونتەفیک بون، (الحمیداوی، ۲۰۰۹، ۱۸٦- ۱۸۷)ئەم والیە دەسەڵاتی زۆری پێدراوە، لە بەڕێوەبردنی ناوچەکانی عێراق و ڕێکخستنەوەی کارگێڕی دەوڵەتی عوسمانییدا، لەو بوارەشدا گۆڕانکاری بەرچاو لەدۆخی ئیدارەی موسڵدا هاتۆتە ئاراوە، (الجمیل، ۱۹۹۹، ۱٦٤)کاریگەری ئەم گۆڕانکاریانە دەرفەت و هۆکارێک بو کە لەساڵی (۱۸٦۹) بناغەی شارەوانی و ئەنجومەنی شارەکە دابمەزرێت، کە لەبنەڕەتدا لەسەرۆک و یاریدەدەر و شەش ئەندام پیکهاتوە، سێ ئەندامی موسڵمان و سێ ئەندامەکەی دیکەشیان سەر بەئاینەکانی دیکە بون، (الصوفی، ۱۹۷۰، ۲۲) ئەم دامەزراوەیە ژمارەیەک ئەرکی گرنگ و بایەخداری هەبوە، لەوانە کۆکردنەوەی باج و چاودێری بازاڕ و کێشانە و پێوانە و پاکوخاوێنی و ڕازاندنەوەی شار و سەرپەرشتیکردنی پەڕینەوەی ڕێگاکانی گواستنەوە و چەند ئەرکێکی دیکە.(بعیو، ۲۰۰۹، ۲۳۰)

دواتریش پێکهاتەی ئیداری موسڵ لەماوەی سێ ساڵی سەرەتای حوکمڕانی سوڵتان عبدالحمیدی دوەم (۱۸۷٦- ۱۹۰۹) ناوەندی سەنجەق بوە سەر بە ویلایەتی بەغداد، بەڵام لەساڵی (۱۸۷۹) بوە بەولایەتێکی سەربەخۆ،(صائغ، ۲۰۱۲، ۲۳) سنوری ئەم ویلایەتە بەهێڵێک لەعانە لەسەر ڕوباری فوراتی تاشاری تکریت لەسەر ڕوباری دیجلە درێژ بۆتەوە، سەرچاوە عوسمانییەکان سنوری ئەم ویلایەتەیان بە نزیکەی (۹۱۰۰۰) کم² مەزندەکردوە، لەڕوی گرنگییەوە بەپلە سێ دانراوە، لەدوای بەغداد و بەسرە. (قاشا، ۲۰۱۰، ۷۰)

هەمو ئەوانەی باسکرا پێگە و بایەخی موسڵ و ئەیالەتەکەی لەسەدەی نۆزدەدا دەردەخات، دیارە یەکێکیش لەڕەگەزەکانی هەر شارێک بریتییە لەدانیشتوان، کە ڕەگەزی سەرەکی پێکهاتەی هەر شارێکن، موسڵیش وەکو ناوەندێکی شارستانی گرنگ، مێژویەکی دێرینی لەگەڵ پیکهاتە و نەژادی ئاینی جیاوازدا هەبوە، کە لەچوار چێوەی ناونیشانی

توێژینەوەکەدا قسە لەسەر یەکێک لەپێکهاتە ئاینییە ناموسڵمانەکان دەکەین، کە ئەویش کریستیانەکانن. ئەو ناوچە و دەڤەرانەی کەکریستیانەکانیشی تێدا ژیاون، لەسەدەی نۆزدەدا گۆڕانکاری زۆری بەسەرداهاتوە لەڕوانگەی پێگەی کارگێڕی و وابەستە بون بەسەروی خۆیەوە.

کریستیانەکان بەژمارەیەکی زۆر لەموسڵ ژیاون، چونکە ئەمانە پاشماوەی دانیشتوانی کۆنی عێراق و فەرمانڕواکانیان بون، دێر و پەرستگاکانیان لەم ناوچەیەدا مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش ئیسلام، ئەم پێکهاتەیە لەچەند ناوچەیەکی موسڵدا ژیاون، وەکو گوندەکانی ناوچەی تلکێف و ئەلقوش و شێخان و ئامێدی و شەنگال و بەعشیقە و مریبا و حەمدانیە و نەمرود و ناوچەکانی ئاکرێ و (المزیری،٢٠٠٦، ٢٣) قەزای زاخۆ. (العزاوی، ٢٠٠١، ١١١) کە لەناوچەکانی موسڵ کەنیسە و شوێنی پەرستشی تایبەت بەخۆیان هەبوە.(الأرقط، ١٩٤،٢٠٢٠)

هەروەها لەلیوای هەولێریش بەژمارەیەکی زۆر لەشەقلاوە و(العزاوی، ٢٠٠١، ١١١) قەزای ڕواندز و (الحسنی، ٢٠١٣، ٤٦) گوندی عەنکاوەی نزیک هەولێر ژیاون، کە زۆربەیان سریانی و شوێن کەوتەی کڵێسای کاسۆلیکی بون، (هەروتی، ٢٠٢٣، ٢٥) هەروەها لەگوندی هەرمۆتەش ژیاون، (قاشا، ٢٠٠٩، ٢٩١؛ ریتوری، ٢٠٠٨، ٤٩) کە بنەماڵەکانی ئەم گوندە لەشەش بنەماڵە پیکهاتون، ئەوانیش پەترۆس شەمعون، تۆما نیسان، ئسولە، عەودالی (عەبدالی)، کەریمە زەرد، مام سبە، لەناو کۆیەش گەرەکی تایبەت بەخۆیان هەبوە، بەناوی گەڕەکی (دیانان) کە ژمارەیەک ماڵی کریستیانی تێدا ژیاون، بەڵام دواتر بەهۆی بچوکی شوێنەکەیان ڕویان لە گەڕەکەکانی دیکەی شارەکە کردوە وبڵاوبونەتەوە، (عبدالصمد، ٢٠٢٤، ٢٢٥)

لەناوچەکانی سلێمانیش جگە لەناوەندی شارەکە لەگوندی سیوەیل لەسنوری وڵاتی ئێران ژیاون، (المزیری،٢٠٠٦، ٢٣) کریستیانەکانی کەرکوکیش زۆرینەیان سەربەمەزهەبی کلدانی بون.(العباسی، 2005، 30)

هەرچەندە مەزهەبەکانی کریستیان ژمارەیان زۆرە، بەڵام مەزهەبە سەرەکیەکانیان لەسەردەمی کۆندا لەسێ مەزهەب پێکهاتون ئەوانیش مەلکانی و نەستوری و یەعقوبی بون، (مرعی، ٢٠٠٨، ٥١) لەسەردەمی نوێشدا لەسێ مەزهەبی سەرەکی پێکهاتون، ئەوانیش کاسۆلیک و ئەرسۆدۆکس و پرۆستانتەکان بون، (محمود، ٢٠٢٢، ٤٦)کریستیانەکانی ویلایەتی موسڵ لە سەردەمی عوسمانیدا دابەشبوبون بەسەر دو گروپی گەورەدا، کە هەریەکێك لەو گروپانەش دابەشدەبو بەسەر چەند مەزهەبێکدا، وەکو کاسۆلیکەکان کە زۆرینەی کریستیانەکانیان پێکهێناوە، ئەوانیش دابەشبون بەسەر کلدانییەکان، سریانییەکان، ڕۆمەکان، ئەرمەنی کاسۆلیك، گروپی دوەمیش کریستیانی ناکاسۆلیك بون کە دابەشدەبون بۆ نەستورییەکان، یەعقوبییەکان، ئەرمەنی ئەرسۆدۆکس، پرۆتێستانت، کەئەوەی دواییان لەدوای هاتنی میسیۆنێرەکانەوە زیاتر دەرکەوتون، ئەوەی جێگای سەرنجە هەر یەکێك لەمانە ڕێوڕەسمە ئاینییەکانی خۆیان بەزمانی تایبەتی خۆیان ئەنجام داوە، بۆیە زۆرینەی کریستیانەکانی ویلایەتی موسڵ و گوندەکانی لەدەوروبەری پەرستگاکانیان بڵاوبوبونەوە. (الهلالی، ١٩٥٩، ١٨٩- ١٩٠)

## باسی دوەم: ڕەوشی کارگێڕی و پلە و پایەی کریستیانەکان

سەرباری بەرفراوانی پانتایی سنوری جوگرافی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی، کە چەندان پێکهاتەی نەتەوەیی و فرە ڕەگەز و ئاینی جۆربەجۆری گرتبوە خۆ، کەبێگومان مامەڵەکردن و بەڕێوەبردنی ئەم پێکهاتە جیاوازانە کارێکی ئاسان و بێ

کێشە نەبوە، ئەوە نەخاسمە زۆری ماوەی فەرمانڕەوایی و گۆڕانی سوڵتان و والی و بەرپرسانی دەوڵەت و ویلایەتەکان، ئەمەش کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەوڵەتەکە داناوە، لەوانەش سیاسەتی دونیابینی سوڵتانەکان بەرامبەر بە پێکهاتە ئاینییە ناموسڵمانەکان بەشێکی گرنگی سیاسەتی ناوخۆییان بوە، ئەوەی تێبنیدەکرێت لەقۆناغە جیاوازەکاندا دەوڵەت سیاسەتێکی جێگیر و دیاریکراوی بەرامبەریان پەیڕەونەکردوە، بەڵکو بەپێی سیاسەتی سوڵتانی فەرمانڕەوا هەلومەرج و بارودۆخەکان گۆڕاوە.

لەو قۆناغەدا، کە سەردەمی حوکمرانی سوڵتان (عبدالحمیدی دوەم ١٨٧٦- ١٩٠٩)ە بواری بەشداریکردنی کریستیانەکانی لەبەڕێوەبردنی دەوڵەتدا بۆ ڕەخساندبون و دەرگای ئەنجومەنەکانی پەرلەمان و کارگێڕی حکومەتی بۆ کردبونەوە، جگە لەبوارەکانی زانستی و هونەر و پیشە ئازادەکان، ئەمەش بۆتە هۆی دەرکەوتنی چەندین کەسایەتی لەبوارەکانی پزیشکی و ئەندازیاری و سەرکردەی دیاری سەربازی لەم پێکهاتە ئاینییەدا.(هومی،١٩٥٩، ١١٨- ١١٩)

ئەم قۆناغە قۆناغی گۆڕانکارییەکان بو، چونکە لەڕوی کارگێڕیەوە دەوڵەتی عوسمانی کە بەپێی دەستور لەلایەن سوڵتان و دو ئەنجومەنەوە بەڕێوەبراوە، یەکەمیان ئەنجومەنی پیران (الاعیان)، لەلایەن حکومەتی عوسمانییەوە دیاریکراون، دوەم ئەنجومەنی نوێنەران (المبعوثان) ئەندامەکانیان لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە دیاریکراون، ژمارەیان (١١٩) ئەندام بوە، پشکی کریستیانەکانیش (٤٤) کورسی بوە، (العبیدی، ٢٠١٥، ١١٥)بۆ دیاریکردنی هەر ئەندامێکیش ڕێژەی (٥٠٠٠٠) پیاو دیاریکراوە لەهەر ویلایەتێکدا، (کوثرانی،٢٠١٣، ٥) لەگەڵ ڕاگەیاندنی دەستوریش، ئازادی بیرکردنەوە و بیروباوەڕ و مافی یەکسانی بە هاووڵاتیانی دەوڵەتی عوسمانی لەپۆستەکاندا دراوە، لەگەڵ بەردەوام بونی ئەو مافانەی کە پێشتر بە پێکهاتە جیاوازە ناموسڵمانەکان درابو، (صائغ، ٢٠١٢، ٣٣)ئەمەش هەلی ڕەخساند بو بۆ گەیشتنی کریستیانەکان بەپۆست و پلە و پایە باڵاکان لەبواری کارگێڕیدا، تا ئاستی پلەی وەزیر، بەجۆرێک هەندێک لەسەرچاوەکان ئاماژەیان بەوە کردوە کە (٢٢) کریستیان پۆستی وەزیرییان لە دەوڵەتی عوسمانیدا پێدراوە.(الأرقط، ٢٠٢٠، ٢٠٧)

لەڕاستیدا ئەو سیاسەتەی کە لەبەرامبەر کریستیانەکان پەیڕەودەکرا، لەدەرفەتپێدانیان لەبواری کارگێڕی و بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت و پلە باڵاکاندا ڕۆڵ ببینن، کاریگەری لەسەرزیادبونی پێگەیان هەبو، بەجۆرێک گوێ لەڕاسپاردە و داواکاریەکانیان گیراوە، بۆ نمونە کاتێک پاتریارکی کلدان لەموسڵ لە (١٦/ شوباتی/١٨٨٠) داواکاری پێشکەش بە موتەسەریفی موسڵ کردوە کەسەرۆکی شارەوانی (سلێمان بەگ) بگۆڕێت، بەهۆی پیشێلکردنی ئەرکەکانی و خراپ بەڕێوەبردن و بێ توانایی، کە ترسی هەبوە لەڕودانی قەدەغەکراوەکان ئەگەر بەردەوام بێت لەکارکردن، بۆیە داوای دانانی کەسێکی کردوە کە توانا و ئەزمونی بەڕێوەبردنی هەبێت لەم بوارەدا، (رحمان، ٢٠١٩، ١٣٦) ئەوەش دەرخەری ئەوەیە کە پیاوانی ئاینی کریستیان گوێیان لێگیراوەو هەوڵدراوە داواکارییەکانیان جێبەجێبکرێت.

لەگەڵ بونی ناکۆکی نێوان ئەم پێکهاتە ئاینییە، بەڵام کاریگەری نەکردۆتە سەر سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی بەرامبەر کریستیانەکانی موسڵ، بەڕادەیەک لەلایەن دەسەڵاتدارانی عوسمانییەوە، ڕێزیان لێگیراوە و پلەیان بەرزکراوەتەوە، بەجۆرێک لە (١٥/ تەموزی /١٨٨٧) مەترانی ئاشوری کاسۆلیکی موسڵ (بێهنام بێنی ئەفەندی) پلەی دوەمی نیشانی عوسمانی پێبەخشراوە، هەروەها مەترانی ئاشوری کاسۆلیکی موسڵ (الخوری پۆلسی ئەفەندی) خەڵاتی پلەی سێیەمی نیشانی مەجیدی پێبەخشراوە، لەهەمان کاتدا (خەیات زادە عەبدوڵلا و جۆرجیا ئەفەندی) و پیاوماقولانی ئاشوری کاسۆلیکی موسڵ خەڵاتی پلەی چوارەمی نیشانی عوسمانییان پێبەخشراوە، جگەلەوەش سەرۆکی مەزهەبی کاسۆلیکی

(کێتخودا ئەراکیل ئەفەندی) پلەی بەرزکراوەتەوە و هەمان نیشانی پێبەخشراوە، هەروەها (یوسف یوسفانی ئەفەندی) کە یەکێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕی موسڵ بوە، نیشانی پلە سێی پێبەخشراوە، پێدانی ئەو خەڵاتانە و تەواوکردنی ڕێکارە پێویستەکان بەپێی مەرج و ڕێنمایی دەسەڵاتە باڵاکانی خیلافەت پەناهی ئەنجامدراوە،(I.DH.1090.85488.1) لەلایەکی دیکەوە هەریەک لە (عبدالاحد ئەفەندی و ئەنتۆن ئەفەندی) ئەندامبون لەشارەوانی موسڵدا لەپشکی پێکهاتەی کریستیان، بەجۆرێک کە پیکهاتەی کارگێڕی ئەم شارە لەسەرۆکێک و پێنج ئەندام و دو نوسەر و بەرپرسێکی خەزێنە پێکهاتبو، ئەمەش دەرخەری ڕۆڵی ئەم پێکهاتە ئاینیەیە لە موسڵ، کە پێگە و ڕۆڵیان هەبوە لەبواری کارگێڕی ئەم شارەدا، (سالنامە ولایت موصل، ١٣٠٨هـ - ١٨٩٠م) کە شارەوانی ئەم شارە ڕیکخرابو بەسەر پێنج بەشدا بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکان، ئەوانیش بەشەکانی ئەندازیاری، پزیشکی، پشکنین، ژمێریاری، ڕزگارکردن و بەهاناوە چون بون.(شعلی وعجلان، ٢٠٢٣، ٥٨؛ الطائی، ٢٠٠٥، ٥٧)

لەگەڵ هەمو ئەمانەدا، بەڵام لەبواری دیکەدا و هەندێ جار جیاکاری و هەڵاوێردن لەبەرامبەر کریستیانەکان کراوە، بۆ نمونە هەروەک لە بەڵگەنامەیەکدا هاتوە، کە مێژوەکەی بۆ (١٤/ ئەیلولی /١٨٨٩) دەگەڕێتەوە، بە تەلەگرافنامەیەک بە واژۆی (عبدالاحد) ناوێک، کە یەکێکە لە میللەتی کلدانەکان تێیدا ڕایدەگەیەنێت، دوابەدوای هەڵبژاردنی بە زۆرینەی دەنگ وەک ئەندام لە دادگای سەرەتایی شارەزور، بەڵام دواتر ناوی ئەو لابراوە و ناوی کەسێکیتر لەشوێنی ئەو دانراوە، چونکە بەپێی یاساکانی عوسمانی ئەندامانی ئەم پێکهاتە ئاینییە بۆیان هەبوە ببنە ئەندامی دادگاکان و ڕۆڵیان هەبێت لەبواری کارگێڕیدا، بەپێی ژمارەی پەیڕەوانی ئەم پێکهاتەیە.(DH. MKT.1760.67.1)

لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدراوە ڕۆڵی زیاتریان پێبدرێت، هەروەک لەنامەکانی (مەدحەت پاشا)دا هاتوە، کە پێشکەشی سوڵتانی کردوە، لەیەکێکیاندا داوای دامەزراندنی والی کریستیان بۆ هەندێک لەویلایەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی کردوە، هەرچەندە بە ئەرێنی و بەڵێ وەڵام نەدراوەتەوە.(الوردی، ١٩٦٩، ١٤)

لەلایەکی دیکەوە، کاتێک وڵاتە ئەوروپییەکان مافی پاراستنی کریستیانە کاسولیک و ئەرسەدۆکس و ئەرمەن و پرۆتێستانتەکانیان بەدەستهێنابو، کاریگەری گەورەی هەبو لەسەر پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان کریستیانەکانی دەوڵەتی عوسمانی و نوێنەرایەتی وڵاتانی بیانیدا، بەڵام چاودێریکردنی میسۆنێرەکان لەلایەن دەسەڵاتدارانی عوسمانییەوە لەموسڵ وایکردبو، کەکونسوڵ و بریکارەکان لەبواری کارگێڕیدا دژایەتییەکی توندیان بۆ هەندێک لەوالی و بریکارەکان و فەرمانبەرانی عوسمانی دەربڕن، جگەلەوەی دەستوەردانیان لەبابەتە کارگێڕییەکان کردوە، لەلایەکی دیکەشەوە پەیوەندیان لەگەڵ هەندێک لەدانیشتوانی ئەم ناوچەیەدا دروستکردوە، ئەمانەش وایکردوە کاریگەری گەورەیان هەبێت لەناوچەکەدا، (التمیمی، ٢٠٠٥، ٢٨) بەتایبەت لەو ڕێگایەوە کەکریستیانەکان لەگەڵ موسڵمانەکان لەژێر دەسەڵاتی یەك دەوڵەتدا بون، بەڵام نەبونی مافی یەکسانی لەڕوی خاوەنداریەتی و ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکان لەتێڕوانینی میسیۆنێرەکان، یەکێك بو لەو بیانوانەی کە وڵاتانی ئەوروپی بۆ دەستوەردان لەکاروباری دەوڵەتی عوسمانی بەکاریانهێناوە، ئەمەش کاریگەری گەورەی بۆ دەرکردنی فەرمان و ڕێسای ڕیفۆرمخوازانە هەبوە، کە مەرجی پێدانی یەکسانی و پاراستن بەکریستیانەکان بوە. (الهلالی، ١٩٥٩، ١٩٠)

**باسی سێیەم: باج وخزمەتی سەربازی**

جگەلەو ئازادییەی کە دەوڵەت بەو پێکهاتە ئاینییەی بەخشیبو، سەبارەت بەپرسەکانی یاسای باری کەسێتی و ئەوقاف و کاروباری قوتابخانەکان و دامەزراوە خێرخوازییەکان، ئەو باجەی کەلێشیان وەرگیراوە، تێنەپەڕیوە لەبڕە پارەیەکی سالانەی دیاریکراو، کەلەلایەن پیاوانی پێگەیشتوەوە دراوە، کە پێدەچێت ئەو باجەی لەکریستیانەکان وەرگیراوە، زۆر قورس نەبوبێت، بەبەراورد بەو ئەرکە زۆرانەی کەبەسەر موسڵمانەکاندا سەپێندرا بو، وەکو باجی زۆر و خزمەتی سەربازی، (نجار، ٢٠٠١، ٢٢٢) سەبارەت بەبڕیاری سەربازیش لیژنەی دامەزراندنی سەربازی لەهەر قەزایەک پێکهێنرا بو، ئەم لیژنەیە ژمارەیەک ئەفسەر و سەرۆکی ئیداری قەزاکە و موفتی و دادوەر و زانایانی تێدا بوە، کە سەرۆکی لیژنەکە ئەفسەرێک بوە بەپلەی موقەدەم (بینباشی)، کە لەڕاستیدا دامەزراندنی ئەم لیژنەیە بۆ هەر قەزایەک بۆ کار ئاسانی بوە بۆ پێکهاتە ئاینییە ناموسڵمانەکان بە بەخشینیان لەخزمەتی سەربازی لەبەرامبەر ئەمەشدا دو جۆر لەبری سەربازی هەبوە، یەکێکیان بەبڕی نەختینەیی (کاش) و ئەویدیکەشیان لەبری تایبەت بوە، (حسن، ١٩٧٥، ٢٣٦- ٢٣٧)

لەساڵی ١٨٩٠ دا باجی لەبری سەربازی سەرجەم سەنجەقەکانی ویلایەتی موسڵ (٤٤٠٨٧٨) قروش بوە، بەجۆرێک سەنجەقی موسڵ (٣١١٠٣٩) قروش و سەنجەقی کەرکوک (١٠٤٨١٧) قروش و سەنجەقی سلێمانی (٢٥٠٢٢) قروش بوە، (سالنامه ولایت موصل، ١٣٠٨ ه - ١٨٩٠م)کە باجی لەبری سەربازی لەدوای دەرچونی یاسای ساڵی (١٨٨٦) و بۆ هەر کەسێک کە نەیویستوە بچێتە خزمەتی سەربازییەوە، پێویست بوە بڕی (٥٠) لیرەی عوسمانی بدات، بەمەرجێک بۆ ماوەی پێنج مانگ مەشق و ڕاهێنان لەیەکێک لەسەربازگەکان ئەنجام دابێت، لەدوای ئەمە بروانامەی کۆتایی هاتنی خزمەتی سەربازی پێدراوە.(عوض، ١٩٦٩، ١٥٤)

دەربارەی لەبری سەربازیش، دەوڵەتی عوسمانی هەوڵیداوە زیادەڕۆیی لەلایەن دەسەڵاتدارانی عوسمانییەوە نەکرێت، بەرادەیەک تەنها یەکجار ئەم باجە لەکریستیانەکانی موسڵ وەربگیرێت و بەهیچ هۆکارێک دوبارەنەکرێتەوە، هەر وەک لە بەڵگەنامەیەکدا هاتوە، کە مێژوەکەی بۆ (٧ / تشرینی دوەمی /١٨٩١) دەگەڕێتەوە، سەبارەت بەو دو کەسە کە خەڵکی موسڵن و لە ئاشورییەکانن، بەڵام لە بەغدا نیشتەجێبون، هەر لەساڵی (١٨٨٢) لەکاتی سەرژمێری موسڵدا کرێی لەبری سەربازی لە نێو یەعقوبییەکانی موسڵ کۆکراوەتەوە و لە بودجەی ساڵی (١٨٩١) ئەم دو کەسەی لە تۆماری موسڵی ساڵی (١٨٩٠) ناویان سڕایەوە، دواتر داوای پێدانی لەبری سەربازیان لێکراوە، بەڵام ئەوەی دەرکەوتوە، ئەم دو کەسە ناویان لە تۆماری سەرژمێری بەغدادی ساڵی (١٨٨٣) تۆمارکراوە و لەوێ لەبری سەربازییەکەیان داوە، بۆیە ناکرێت و پێویست ناکات لەسەر ئەو کەسانەی کە ناویان لە دو ناوچە تۆمارکراوە لەهەردو شوێن لەبری سەربازی بدەن و پێویستە ئەوانەی بەم کارە هەڵدەستن ناوەکان لە یەکێک لە تۆمارەکان بسڕنەوە، (DH.MKT.194.65.1.) کە کۆی گشتی باجی لەبری سەربازی ویلایەتی موسڵ لەساڵی (١٨٩٣) بڕی (٦٨٤٥٦٢) قروش بوە، بەسەر هەرسێ سەنجەقەکەی ئەم ویلایەتەدا دابەشبوە، بەجۆرێک سەنجەقی موسڵ (٤٥٢٣٦٢) قروش و سەنجەقی کەرکوک (٢٠٤٧٠٠) قروش و سەنجەقی سلێمانی (٢٧٥٠٠) قروش بوە، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە زۆرترین ڕێژەی کریستیان لە سەنجەقی موسڵ نیشتەجێبون، چونکە ئەم پێکهاتەیە باجی لەبری سەربازییان داوە. (سالنامه ولایت موصل، ١٣١٢ھ ١٨٩٤م)

بونی ئەو ژمارە زۆرەی کریستیانەکان وایکردوە، کە بەشێک بن لەپێکهاتەی کۆمەڵایەتی موسڵ و هەوڵدراوە ڕۆڵی زیاتریان پێبدرێت، هەروەک لەنامەکانی (مەدحەت پاشا)دا هاتوە، کە پێشکەشی سوڵتانی کردوە، لەیەکێکیاندا پێشنیاری وەرگرتنی قوتابیانی کریستیانی لەقوتابخانە سەربازییەکان کردوە.(الوردی، ١٩٦٩، ١٤)

سەرباری چاکسازی و پێداچونەوە بە سیاسەتی دەوڵەت بەرامبەر ئەم پێکهاتەیە، کەکاریگەری دیاری لەسەر مافە ئاینی و مەدەنییەکانیان هەبوە، بەڵام حاڵەت و بارو دۆخی واش بەرچاوەدەکەوێت کە لێرە و لەوێ کەوتونەتە بەر ستەمی والی و کاربەدەستان، بۆ نمونە لەبەڵگەنامەیەکدا دەردەکەوێت، کە دەگەڕێتەوە بۆ (٢٦/ کانونی یەکەمی /١٨٩٣) نەستورییەکانی ناحیەی (بەرواری) سەر بەقەزای (ئامێدی) لەویلایەتی موسڵ گلەیی و گازندە لە چەوساندنەوە و زوڵم و زۆرداری (ڕەشید بەگ)ی بەڕێوەبەری ناحیەکەیان کردوە، و داوای دادگاییکردنیان کردوە، پێشتریش گلەیی و گازندەکانیان بە والی موسڵ و قائمقامی ئامێدی گەیاندوە، کریستیانەکانی ناحیەکە بەم شێوەیەی خوارەوە سکاڵای حاڵی خۆیان دەخەنەڕو:

لەکاتی کۆکردنەوەی باجی عوشر (دەیەک)، پیاوەکانی دەنێرێتە گوندەکانی ئامێدی و دو هێندە ئەم باجە بۆ حیسابی خۆی و پیاوەکانی وەردەگرێت، دواتر خەڵکی ناوبراو لەکاتی هاتنی مەئموری حکومەت دوبارە ناچاردەبن باج بدەنەوە، لەلایەکی دیکەوە زۆربەی کاتەکانی لە (ژۆڵان) و گوندەکانی نەستورییەکان بەسەردەبات، لەکاتی مانەوەشی لە گوندەکان بە خۆڕایی خواردن لە خەڵکەکە وەردەگرێت، جگەلەوەی بەزۆر ئالیک وەردەگرێت بۆ ئاژەڵەکانی، تەنانەت داروەدستەکەی بە چەقۆ ڕوبەڕوی خەڵکی گوندەکان دەبنەوە و وادەکەن کە کەس نارەزایی دەرنەبڕێت، ئەگەر کەسێک دەنگ بکات یان لێیدەدەن یاخود بریندار دەکەن، لەگەڵ هەمو ئەمانەدا هەڵدەستێ بە کۆکردنەوەی داهاتی کشتوکاڵی خەڵکی ناوچەکە و داهاتەکە بەکاردێنێ بۆ نۆژەکردنەوەی خانەکەی خۆیی و پێداویستییە تایبەتییەکانی، ئەو باجانەی کەلەخەڵکی ناوچەکەشی وەردەگرێت، هیچیان ڕادەستی حکومەت ناکات، بەمەش خەڵکی بەردەوام قەرزداری خەزێنەی گشتی دەبن، هەروەها هەڵدەستێ بە وەرگرتنی مۆرەکان و بەزۆر ئەوراق و بەڵگەنامەی فەرمی مۆردەکات، کاتێکیش لەکەسێک تورە دەبێت، پیاوەکانی دەنێرێت و بەزۆر ماڵ و موڵکی کەسەکە زەوت دەکەن، جگە لەوەی کە خزمەتکارەکانی کە لە (٤٠) کەس پێکهاتون، بە درێژایی ساڵ لەلایەن نەستورییەکانەوە خۆراک و بژێوییان بۆ دابیندەکرێ و یەک ئاقچەش نادرێ بە خەڵکی گوندەکان، لەکاتی گەڕانەوەشی بۆ ئامێدی خەرجی ڕێگا لە خەڵکی بێچارەی گوندەکان وەردەگرێ و داوای دیاری وەک ئاقچە و برنجیان لێدەکات، جگەلەوەی لەکاتی سەرهەڵدانی ململانێ لەنێوان پیاوەکانی و عەشیرەتێکی دیکەدا، کە ساڵانە دوبارە دەبێتەوە، پیاوەکانی کەسێک دەکوژن و پارەی خوێنی کوژراوەکە لە عەشیرەتەکە و خەڵکی ناوچەکە وەردەگرێت، بڕێکی زۆریش لە دیاری وەردەگرێت تاوەکو ئاشتەوایی ئەنجام بدات، زانیاری زۆر زیاتریش لەو بەڵگەنامەیەدا لەبارەی ئەو هەژاری و بێ حاڵییەی نەستورییەکان خراوەتەڕو کە دوچاری بونەتەوە، ئاماژەش بەوە دراوە کە ئەگەر ڕێکاری پێویست لەلایەن دەوڵەتەوە نەگیرێتەبەر بەرامبەر ئەم کار و ڕەفتارە خراپانەی بەڕێوەبەری ناوبراو ئەوا بە ناچاری شوێن و زێدی خۆیان بەجێدەهێڵن، (DH.MKT.333.28.1.) هەر بۆیە ئەم سیاسەت و بارودۆخە کاریگەری لەسەر کۆچکردنی دانیشتوانی گوندەکان داناوە بەڕادەیەک لەدوای ئەو ڕوداوانە ژمارەی دانیشتوانی گوندی (ئەلقت) بۆ یەک لەسەر چوار کەمی کردوە. (DH.MKT.2194.93.1.)

لەلایەکی دیکەوە چەندین جار هێرش کراوەتە سەر گوندە کریستیانەکان، وەکو (یوحنا) مەترانی ناوچەی زێبار و ئاکرێ و ئامێدی، کەئاماژەی پێداوە، سەبارەت بە هێرش بۆ سەر گوندە کریستیانەکانی ناو ویلایەتی موسڵ و ئەو مەڕوماڵاتەی کە لە گوندی (مەزیەت) دەستی بەسەردا گیراوە، لەلایەن (شێخ نوری کوڕی شێخ محمد) کە لە گوندی (بریفکێ)ی سنوری قەزای دهۆک نیشتەجێبوە، هەروەها (سەلیم ئاغا کوڕی محمد ئاغا) دانیشتوی گوندی (شێخ حەسەن)، ئەم دوانە دەستیان گرتوە بەسەر ئاژەڵەکانی (سینی کوڕی عەبود) لە گوندی (مامیزدینانەوە)، ئەم

بارودۆخەش وایکردوە،کە ناتوانرێت دەست بەسەر ئەم بارودۆخ و تاڵانکاریەدا بگیرێت، مەگەر ئەم کەسانە لانەبرێن یاخود دور نەخرێنەوە لە شوێنی نیشتەجێبونیان، هەروەها لەهەریەک لە گوندەکانی (منکیش، بنیانە، همزیران، اطوش، هرمامش، حردسی، باکشمش و شەرمن) کە سەر بە قەزاکانی ئاکرێ، زێبار و ئامێدین لە ویلایەتی موسڵ، لە گوندە پڕ بەرهەم و ئاوەدانەکانی سەر بە ویلایەتی موسڵن، لەو گوندانەدا زۆرێک لە کریستیانی کلدانی تێدا نیشتەجێن، ماوەیەکە بەهۆی زۆربونی ڕێگر و چەتە لەم ناوچەیەدا هێواش هێواش گوند و ماڵەکان دەستیان بە کۆچکردوە، چونکە نزیکەی دو هەزار سەرمەڕ بەزۆر دەستی بەسەرگیراوە، هیچ کەسێکیش توانا و هێزی کشتوکاڵکردنی نەماوە، تەنانەت لە گوندی (حربە) کە نیو سەعات دورە لە ئاکرێ (٤٠٠) سەر مەڕومالاتی دانیشتوانی گوندەکە بەزۆر بردراوە، لەگەڵ ئەوەشدا داواکاریەکانی ئەم پێکهاتە ئاینییە هیچ کاریگەرییەکی نییە لەسەر حکومەتی ناوخۆیی، بۆیە داواکاریان پێشکەش بە جەنابی پایەبەرزی (شاهانە) کردوە، کە بە عەدالەت و مەدەنێتی ئیسلام ئەم مەڕومالاتەی دەستی بەسەرگیراوە بۆیان بگەڕێنێتەوە و ئەوگوندانەش کە بەرەو چۆڵبون و وێرانبون چون دوبارە ئاوەدانیان بکاتەوە، (DH.TMIK.M.73.49.1.) ئەوەی لەناوەڕۆکی ئەم بەڵگەنامانە تێبینی دەکرێت ئەوەیە، کە زۆربەی کات ئەو ستەم و نادادییەی کە لەلایەن ئیدارە و سەربازەکانی دەوڵەت بەگشتی بەرامبەر دانیشتوان و گوندنشین و وەرزێران ئەنجامدراوە، گشتی بون و تەنانەت زۆرجار پێکهاتە موسڵمانەکانیش پشکی ئەو ستەمەیان بەرکەوتوە، لەوانەش کورد، لەلایەکی دیکەوە ئەنجامی لاوازی دەسەڵاتی مەرکەزی سوڵتان و بێ ئاگایی دەسەڵاتی باڵا لەو هەلومەرجە نالەبارەی دەوڵەتی عوسمانی تێکەوتوە و هاتۆتە پێش، هەلی ئەو جۆرە کار و گەندەڵی و ستەمانەی بۆ بەرپرسانی خوارەوەی هەیکەلی کارگێڕی دروستکردوە، بەجۆرێک هەوڵیانداوە هەلپەرستانە سود لەبارودۆخەکە وەربگرن و پەنا بەرنە بەر ستەم و دەست بەسەرداگرتنی ماڵ و سامانی خەڵک و نادادپەروەری کۆمەڵایەتی و وەرگرتنی باج، کە زۆربەی کاتیش دەسەڵاتی باڵا لێی بێدەنگ بوە.

کاریگەری ئەم بارودۆخەش وایکردوە، هەندێک لەکریستیانەکانی هەوڵی جوڵانەوە و هەڵگەڕانەوە لەدژی دەوڵەتی عوسمانی بدەن، وەکو لە بەڵگەنامەیەکدا کە دەگەڕێتەوە بۆ(٢١/ تشرینی یەکەمی /١٨٩٤) ئاماژەکراوە بە تەلەگرافنامەیەک لەلایەن پەتریاکی کاسۆلیکەکانی موسڵ (بهنام بەنی) کە بۆ مەقامی سەدارەت نێردراوە، ناوەڕۆکەکەی ئاماژە بەوە دەکات،" کە لەماوەی ڕابردو بەشێک لە ئەرمەنەکان هەستان بە ئەنجامدانی چەند جوڵانەوە و هەڵگەڕانەوەیەک لە دەوروبەرمان، کە بوە مایەی تێکچون و هەڵگیرسانی تروسکەی ئاژاوە، بەڵام سوپاس بۆخوا لەسایەی جەنابی ملوکانەیی، ویلایەتەکەمان بەپارێزراوی مایەوە، میللەتەکەمان کە ماوەیەکی دورودرێژە لەم ولایەتەدا دەژین، هەر بزوتنەوەیەک یان دەرچونێک لە دەسەڵات ڕوبدات، لەلایەن والی ویلایەتەکەمان (صالح) و قوماندانی سەربازی شاهانەیی فەریق (بەکر پاشا) خامۆش دەکرێت و هەوڵەکانیان بوەتە مایەی بەرقەرارکردنی خۆشەویستی و پتەوکردنی پەیوەندییەکان لەنێوان پێکهاتە ئاینییەکانی ویلایەتی موسڵ، بۆیە بەردەوام دوعا و پاڕانەوەکانمان بۆ لەشساغی و سەرکەوتنی جەنابی شاهانەییە، دوبارە گوێڕایەڵی خۆمان بۆ جەنابیان دوپات دەکەینەوە."(HR.TH.166.77.1) ناوەڕۆکی ئەم بەڵگەنامەیە دەریدەخات، کە پەتریاکی کاسۆلیکەکانی موسڵ بەمەبەستی خۆبردنەپێشەوە لە دەسەڵاتدارانی عوسمانی ئەم تەلەگرافنامەیەی ناردوەو هەوڵی داوە وا وێنای دۆخەکە بکات کە سوڵتان و دەسەڵاتدارەکانی هۆکاری پێکەوەژیان و ئارامی ناوچەکانی ئەوانن.

### باسی چوارەم: ڕەوشی خوێندن و تەندروستی و خزمەتگوزارییە ئاینییەکان

لەلایەنی پەروەردە و فێرکاریش سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی بەرامبەر ئەم پێکهاتەیە بەجۆرێک بوە، کە ڕێگرینەکردوە لە دروستکردنی قوتابخانە و پەرەپێدانی ئەم بوارە، ئەمەش وای کردوە کلدانییەکان هەر لەسەرەتای سەدەی نۆزدەوە قوتابخانەیان لەموسڵ هەبێت، دواتریش بەرەبەرە گەشەیان پێدراوە و ژمارەشیان زیادیکردوە، بەڕادەیەک لەساڵی (١٨٩٢) ژمارەی ئەم قوتابخانانە لەموسڵ گەیشتۆتە (١٧) قوتابخانە، (الأرقط،٢٠٢٠، ٢٣٣) کە بەراورد بە ویلایەتەکانی دیکەی عێراق، زۆرترین ژمارەی قوتابخانەی کریستیانەکان لەموسڵ بوە، بەجۆرێک لەسەرانسەری ویلایەتەکە بڵاوبونەتەوە، بەتایبەت ئەو شوێنانەی کەکریستیانەکان ڕێژەیەکیان پێکهێناوەو توانایان بۆ دامەزراندنی قوتابخانە بۆمنداڵەکانیان هەبوە، (مصطفى،٢٠٢١، ٣٥٠) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕاگەیاندنی بەرنامەی چاکسازی لەبواری پەروەردەدا لەلایەن سوڵتان (عبدالحمیدی دوەم)، کە جەختی کردۆتەوە لەچارەسەرکردنی کەموکورتییەکانی ڕێکخستنی پەروەردەی گشتی، لەم ڕوانگەیەشەوە لایەنی پەروەردە گەشەکردنی بەرفراوانی بەخۆیەوە بینیوە، بەتایبەت پەروەردەی ئاینی، (مصطفى، ٢٠٠٣، ٣٩) چونکە پێشتریش لەگەڵ ڕاگەیاندنی دەستور بەشێک لەماددەکان بۆ بواری پەروەردە تەرخانکرا بون، بەجۆرێک ماددەی (١١٤) جەختی لەسەر خوێندنی سەرەتایی کردۆتەوە، جگە لەقۆناغەکانی دیکە، هەروەها دانراوە بەدامەزراندنی قوتابخانە بۆ پێکهاتە ئاینییە ناموسڵمانەکان.(مصطفى، ٢٠٢١، ٣٤٤)

دامەزراندنی قوتابخانەش بەپێی یاسای پەروەردەی گشتی مادەی (١٢٩) پێویستی بە وەرگرتنی مۆڵەت هەبوە، جگە لەجەختکردنەوە لەبونی بڕوانامەی فەرمی دانپێدانراوی مامۆستاکان و پرۆگرام و کتێبەکانی خوێندن لەژێر سەرپەرشتی و چاودێری کارگێڕی ناوچەیی پەروەردە دابێت، چونکە هەندێک لە قوتابخانەی کریستیانەکانی موسڵ بەخوێندی ئاینییەوە تایبەتمەندبون، هەرچەندە ئەم قوتابخانانە سەرەتا لەناو کڵێساکاندا دامەزراون، خوێندن و فێربونیان بەشێوازێکی سەرەتایی و سنوردار بوە بە فێرکردنی بنەماکانی خوێندنەوە و نوسین، جگە لە هەندێک قوتابخانە کە زانستی ئاینی و لاهوتی و زمان و هەندێک زانستی دیکەی تێدا خوێنراوە، (نجار، ٢٠٠١، ٢٢٨- ٢٢٩) وانەکانیانیش بەزمانی عەرەبی و کلدانی دەوترانەوە، (الدوری، ٢٠١٠، ٤) بەڵام دواتر ئەم قوتابخانانە جیابونەوە لە کڵێساکان، (العباسی، ٢٠٠٥، ١٣٩) ئەمەش بوە هۆی فراوانبونی چالاکییە فێرکارییەکانی کریستیانەکان، کە خۆی لە کردنەوەی قوتابخانە نوێیەکان و بڵاوکردنەوەی زانستەکاندا سنوردارنەکردوە، بەڵکو نوێترین شێوازە فێرکارییەکان بەکارهێنراوە، بۆنزیککردنەوە و ئاسانکاری زانستە نوێیەکان بۆ قوتابی و بەرەو پێشچونی پرۆسەی پەروەردە، لەلایەکی دیکەوە کتێب و دەستنوسەکانیان چاپکردوە لەچاپخانەکانیان کە لەلایەن میسۆنێرەکانەوە دامەزرابون، (الحمدانی، ١٩٧٩، ٤١٩) چونکە موسڵ لەنیوەی دوەمی سەدەی نۆزدە ژمارەیەک چاپخانەی تێدا دامەزراوە، لەوانە چاپخانەی (دۆمنیکان)، کەکارەکانی تەنها لەچاپکردنی کتێبی ئاینییدا سنوردارنەبوە، بەڵکو چەندین کتێبی دیکەی لەبوارەکانی خوێندن و بنەماکانی فێربون بەزمانی عەرەبی و زمانەکانی دیکە چاپکردوە. (احمد، ١٩٨٢، ٦٠٥)

پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتەش لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە وایکردوە، کەهەر یەکێک لە مەزهەبەکانی کریستیان لە ویلایەتی موسڵ قوتابخانەی تایبەت بەخۆیان هەبێت، بەپێی ئامارێک لەساڵی (١٨٩٥) قوتابخانەی کریستیانەکانی ویلایەتەکە دابەشکرابون بەسەر مەزهەبەکاندا بەم شێوەیە:

١. قوتابخانەی ڕوشدیەی کلدان: ئەم قوتابخانەیە بێ مۆڵەت بو، کە ژمارەی (٣٠) قوتابی هەبوە، هەمویان کوڕبون، ژمارەی مامۆستاکانیش (٥) بوە، هەروەها شوێنی نیشتەجێبون بۆ قوتابیەکان دابینکراوە.

٢. قوتابخانە سەرەتاییەکانی کریستیان: کەژمارەیان (٤٨) قوتابخانە بوە، بەجۆرێک (٤٤) قوتابخانە بێ مۆڵەت بوە، کە دابەشبون بەسەر مەزهەبەکانی کریستیان بەم شێوەیە: (٢٦) قوتابخانەی کلدان، (١٠) قوتابخانەی سریان، (٧) قوتابخانەی ئەرمەنی پرۆستانت، (٥) قوتابخانەی یەعقوبییەکان، ژمارەی مامۆستاکانی ئەم قوتابخانانەش (١٠٠) مامۆستا بوە، (٨١) پیاو و (١٩) ئافرەت.(بیات، ٢٠١٣، ٦٦٧- ٦٨٨)

ئەم بارو دۆخەی کریستیانەکان لەویلایەتی موسڵدا بۆ ئەوە گەڕاوەتەوە کە دەوڵەتی عوسمانی دەستی نەخستۆتە کاروباری فێرکاری و کەنیسە و پەرستگاکانیان، بەڵکو ئەم دەسەڵاتە دراوە بە سەرکردە ئاینییەکانیان، (الجندی، ٢٠١٧، ٣١) تەنانەت ئەم پێکهاتە ئاینییە وەقفی تایبەت بەخۆیان هەبوە، بەجۆرێک تۆماری دادگاکانی عوسمانی چەندین بەڵگەنامەی وەقفی کریستیانەکانی تێدایە، دەربارەی پەسندکردن و ڕەواییدان بەوەقفی کریستیانەکان. (میلاد، ١٩٨٣، ٣٠)

لەڕوی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکانیشەوە سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی بەجۆرێک بوە، کە ڕێگری لەکریستیانەکانی موسڵ نەکردوە، لەپێشکەشکردنی ئەم خزمەتگوزارییانە، بەجۆرێک (باوکانی دۆمنیکان) کە نەخۆشخانەکانیان لەناو کەنیسەکاندا بوە، ژمارەیەکی زۆر نەخۆش سەردانی کردون، بۆ نمونە لەساڵی (١٨٨٨) ژمارەی ئەو نەخۆشانەی سەردانی نەخۆشخانەکەیان کردوە بە نزیکەی (٣٨٢٠٠) نەخۆش مەزندەکراوە، دواتریش لەساڵی (١٨٩٠) ژمارەکە زیادیکردوە، بۆ (٥٢٠٠٠) نەخۆش، (عثمان، ٢٠٠٦، ٢٣٨) لەکاتێکدا ژمارەی کریستیانەکانی موسڵ بەپێی ئاماری گەڕیدەکان، لەساڵی (١٨٨٨) بە (٦٢٥٠) کەس خەمڵێندراوە، کە دابەشبون بەسەر مەزهەبە جیاوازەکاندا، ئەوانیش (٢٠٠٠) سریانی کاسۆلیک و (٢٠٠٠) یەعقوبی و (٢٠٠٠) کلدان و (٢٥٠) پرۆستانت بون، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە نەخۆشخانەی کریستیانەکان سەرجەم پێکهاتەکانی موسڵ سەردانیانکردون و خزمەتگوزاری تەندروستیان لێوەرگرتون، بە بەڵگەی ئەوەی ژمارەی ئەو نەخۆشانەی کە سەردانی ئەم نەخۆشخانانەیان کردوە لەژمارەی کریستیانەکان زۆر زیاتر بوە. (العبیدی، ٢٠١٥، ١١٥)

لەڕوی ئاینییشەوە میسۆنێرەکانی وڵاتانی ئەوروپا، کە ئەم وڵاتە زیاتر مەبەستیان گۆڕینی مەزهەبەکانی کریستیان بو بۆ پرۆتێستانت، لەدوای ساڵی (١٨٨٢) چالاکییەکانیان زیاترکردوە، بەتایبەت لەڕێگەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی لەنمونەی دروستکردنی نەخۆشخانە و کەنیسە لەسنوری ویلایەتی لەموسڵدا، (حسن، ١٩٧٥، ٣٦٧) بەڕادەیەک شەش دەرمانخانە لەموسڵ هەبوە، کە لەلایەن ڕاهیبەکانەوە بەڕێوەبراوە.(عیساوی، ١٩٩٠، ٥٨)

لەگەڵ هەوڵەکانی دەسەڵاتدارانی عوسمانی لەویلایەتی موسڵ، بەڵام ئەم چالاکیانە بەردەوام بوە، بەجۆرێک نێردەی دۆمنیکانی پەیمانگای ئاینییان دامەزراندوە، بۆ پێگەیاندنی پیاوانی ئاینی، ئەم پەیمانگایە دوای خوێندنی سەرەتایی دەستی پێکردوە، ماوەی خوێندن تێیدا (١١) ساڵ بوە، دواتر پۆلەکانی سەرەتایی بۆ زیادکراوە کە ماوەی خوێندنەکەی (٤) ساڵ بوە، ئەو زمانانەی لەم پەیمانگایە خوێندراون بریتیبون لە زمانەکانی فەرەنسی، عەرەبی، سریانی، کلدانی، لاتینی، هەروەها وانەکانی ئاین، ئەدەبی لاهوتی، بنەماکانی ئاینی کریستیان، تەفسیری کتێبی پیرۆز، کەش و هەوا، مێژوی شارستانیەتی کریستیان، فەلسەفە، ژمێریاری، بیرکاری و چەند بابەتێکی دیکە، (الجبوری والجبوری، ٢٠١٤، ١٤٧- ١٤٨) باوکانی دۆمنیکان کەلەسەرەتادا ئیتالی بون، دواتریش بون بە فەرەنسی، ئەمانە لەموسڵ ڕۆڵی گەورەیان گێڕا لەپاراستنی قوتابخانەکانیان لەشارو گوندەکان، جگە لەدامەزراندنی تیمارگە بۆ چارەسەری نەخۆشییەکان، هەروەها دامەزراندنی

کۆلێژێک بۆ ڕاهێنان و پێگەیاندنی قەشە بۆ کەنیسە، لەگەڵ هەمو ئەمانەدا دامەزراندنی چاپخانە و بایەخدان بەبواری بازرگانی.(لونكريك، ١٩٨٨، ٢٤)

پێدانی ئەم دەسەڵاتانە بەم پێکهاتە ئاینییە وایکردوە، کەنیسەی موسڵ خزمەتی هەمەجۆر بەکریستیانەکان بکات، لەبوارەکانی بانگەوازی ئاینی و گرێبەستی هاوسەرگیری و ناشتنی مردوەکانیان، (غنيمة، ١٩٩٨، ١٥١)بۆ ئەو مەبەستەش دەوڵەت لەسەر ئاستی فەرمی لەڕێگەی سەرۆکی ئەو مەزهەبانە یان نوێنەرەکانیەوە مامەڵەی لەگەڵ مەزهەبە جۆراوجۆرەکانیاندا کردوە، (كواترت، ٢٠٠٤، ٣١٢)ئەمەش وایکردوە داواکارییەکانیان و هەوڵدان بۆ جیاوازی پێنەکردنیان لەگەڵ موسڵمانەکان لەڕوی مافەکانیانەوە لەڕێگەی سەرکردە ڕۆحییەکان و کەسانی دیار و ڕێزداری کریستیانەکانەوە پێشکەشبکرێت، کە لە ئەندامانی گەلانی کلدان و ئاشوری کاسۆلیک و ئاشوری کۆنی نیشتەجێی ویلایەتەکە پێکهاتون، بەجۆرێک لە (١١/ تشرینی یەکەمی /١٨٩٥) لەداواکاریەکدا، ئاماژەیان بەوە کردوە، کە لەژێر پاراستنی حەزرەتی شاهانشادا هەمو جۆرە خۆشگوزەرانییەکیان بەدەستهێناوە، هەرگیز بە سوپاسکردن ناتوانن حەقی ئەم پاداشتە گەورەیەی سوڵتان بدەنەوە، بەڵام ئەمجارەیان کە یاسای سەربازی و یارمەتی دارایی دەرچو، تەنها بۆ گەلی موسڵمانان دەرچوە، بەو پێیەی گەلانی کریستیانیش حەز دەکەن بە خۆشحاڵیی و ویژدان و نیشتمانپەروەرییەوە بەشداربن و ئەو یارمەتیدانە ئەوانیش بگرێتەوە،(DH.SFR.201.69.1.) تەنانەت لە (١٠/ تشرینی دوەمی /١٨٩٥) داوا لەوەزارەتی ناوخۆ کراوە، لە قەزاکانی دهۆک و زاخۆ و ئامێدی بەگوێرەی ژمارەی کریستیانەکان پێویستە یاریدەدەری قایمقام لەم پێکهاتە هەبێت.(بيات،٢٠١٤، ٨٠- ٨١)

لەلایەکی دیکەوە کریستیانەکان هەوڵیان داوە بەپێی یاساکانی دەوڵەتی عوسمانی لەڕێگەی سەرکردە ئاینییەکانیانەوە مافەکانیان بەدەستبهێنن و ستەمیان لێنەکرێت لەلایەن دەسەڵاتدانی عوسمانیەوە، لەوانەش پاراستنی مافی ئابوری و پاراستنی سەروەت و سامانیان لەدەست ڕێگر و خراپەکاران.(عةلى،٢٠٢٣، ٩٤) سەربارى پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە، بەڵام ئەم پێکهاتەیە لەناوخۆیاندا ناکۆکبون، تەنانەت دەوڵەتی عوسمانی هەوڵی چارەسەر کردنی ناکۆکیە ناوخۆییەکانیشی داوە، وەکو لەو بەڵگەنامەیەدا ئاماژەی پێکراوە کە مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (٣/ نیسانی/ ١٨٨٤) کە یاداشتێک لەلایەن شورای ناوخۆی دەوڵەتەوە ئامادەکراوە، لەسەر ڕێنمایی وەزارەتی داد، سەبارەت بە چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەی کڵێسا لە نێوان (ئاشورییە یەعقوبییەکان و ئاشورییە کاسۆلیکەکان) لە موسڵ، هەڵسەنگاندنی بۆکراوە و تێیدا هاتوە، ناکۆکی درێژخایەنی کڵێسا لە نێوان ئاشورییە کۆنەکان (یەعقوبییەکان) و کاسۆلیکە ئاشورییەکان هەبوە، بۆ ئەو مەبەستەش بڕیاردراوە کە کڵێساکانی سەر بە یەعقوبییەکان بگەڕێنرێتەوە، کە پێشتر بۆ کاسۆلیکەکان تەرخانکرابون، بەڵام ئەم بڕیارە نەتوانراوە بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، دواتر فەرمانێکی نوێ دەرچوە، کەدو لە کڵێساکان بەشێوەیەکی سەربەخۆ دراوە بە کاسۆلیکەکان، ئەم دۆخەش هەڕەشە و گلەیی لایەنی بەرامبەری لێکەوتۆتەوە، لەم بارەیەوە بڕیاردراوە، کە پەرستگای مەزهەبێک دەبێت هی ئەندامانی ئەو مەزهەبە بێت، چونکە بەکارهێنانی کڵێساکانی یەعقوبییەکان لەلایەن کاسۆلیکەکان، بەهۆی ئەوە بوە کە کاسۆلیکەکان لەو سەردەمەدا پەرستگای تایبەت بە خۆیان نەبوە، وەک چارەسەرێکی کاتی ئەم کارە ئەنجامدراوە، بەڵام بەو پێیەی ئێستا کاسۆلیکەکان کڵێسای خۆیان دروستکردوە، پێویست ناکات بەشێک لەو کڵێسایانەی کە بۆ یەعقوبییەکان تەرخانکراون بە کاسۆلیکەکان بدرێت، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش ئەو کڵێسایانەی کە باسی لێوە دەکرێت دەبێت بگەڕێندرێنەوە بۆ یەعقوبییەکان، مەرجی

ڕێسای کارپێکراویش ئەوەیە کە ئەوانەی ئەو مەزهەبەیان بەجێهێشتوە، ناتوانن هیچ مافێکیان هەبێت و دەستوەردان لە پەرستگاکانی سەر بە ئەندامانی مەزهەبەکەکانی دیکە بکەن(MV.3.14.1.)

هەرچەندە لە ئاکامی لێکۆڵینەوانەکان دەرکەوتوە، کە ئەم کێشەیە لەگەڵ دەرکەوتنی کاسۆلیکەکان لە ناوچەکە بەر لە (٥٠) ساڵ سەریهەڵداوە، بەجۆریک ئەو کەسانەی بون بە کاسۆلیك داوای مافی کڵێسایان کردوەو هەر یەك لە کڵێساکانی (طاهرە و مارتۆمە) کە هی ئاشورییەکان بوە، لە ناوەوەی کڵێساکان دیواریان دروستکردوە و کردویانە بە دو بەشەوە، لەم کاتەوە سکاڵاکان بەردەوامن لەم بارەیەوە، هەر بۆیە بەپێی بڕیاری شورای دەوڵەت بە فەرمان و بڕیاری عالی هەردو کڵێساکە تەنها بۆ ئاشورییەکان دەبێت و دەبێ دیوارەکان لاببرێن، ئەم بڕیارەش بوە هۆی ئەوەی نوێنەرایەتی فەرەنسا و ئینگلتەرا تەداخولی بابەتەکە بکەن، بەمەش بڕیارێکی دیکە دەرچو کە ئاماژەی بەوە کردوە کە کڵێسای (طاهرە و مارتومە) بۆ ئاشورییەکان دەمێنێتەوە، لە بەرامبەردا کڵێسای (ماراخودایمی) کە ئەویشیان سەر بە ئاشورییەکان بو، بدرێ بە کاسۆلیکەکان بەمەش ئەم کڵێسایە دراوە بە کاسۆلیکەکان. (I.MMS.79.345.1.)

ئەم ناکۆکییە کاریگەری هەبوە لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان کریستیانەکان، بەجۆرێک لە سەردەمی پەتریاک (ئیلیا ئەفەندی) پاتریاکی کلدانەکان، لەساڵی (١٨٨٥)دا بانگەشەی ئەوە کراوە، کە پەتریاکیەکەی لەسەر بنەمای بەڵگەنامەی زیانبەخش دامەزراوە، بەهۆی ئەم دۆخەوە کۆمەڵێک کلدانی لە موسڵ دژی پاتریارک بونی ناوبراو وەستانەوە و ڕایانگەیاندوە کە لە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسە تائیفیەکاندا توشی کێشە بوین و پێویستە ئەم بارودۆخە چارەسەر بکرێت.(MV.15.63.1)

هەرچەندە ئەم پێکهاتە ئاینییە هەوڵیانداوە مافەکانیان بەدەستبهێنن، لەو چوارچێوەیەشدا کریستیانە کلدانییەکانی ئاکرێ لەساڵی (١٨٩١) داوایان لەوەزارەتی داد کردوە، کە مۆڵەتیان بۆ دروستکردنی پەرستگایەک (کڵێسا) پیبدرێت، چونکە پەرستگا کۆنەکەیان نزیک بۆتەوە لەداڕوخان، دەوڵەتی عوسمانی لەڕێگەی ویلایەتی موسڵ و دامودەزگا پەیوەندیدارەکانەوە، مۆڵەتی دروستکردنی پەرستگایەکی بە درێژی (٢٧) گەز و پانی (٢٢) گەز و بەرزی (١٢) گەز پێداون، لەکاتێکدا ژمارەی کلدانیەکانی ئەم ناوچەیە (٢٣) خێزان و (١٢٠) کەس بون.(عەلی، ٢٠٢٣، ٩٣)

بەڵام لەکاتی مۆڵەتدان بۆ نۆژەنکرنەوەی کڵێساکان، یا هەر شوێنێک کەپەیوەندی بەپەرستگای کریستیانەکانەوە هەبوبێت، پێویست بوە بەجۆرێک بێت، کە لەگەڵ شێوازی بینا کۆنەکەدا بگونجێت و هیچ زیادکردنێک لەکاتی نۆژەنکردنەوەکەدا نەکرێت، بۆدامەزراندنی کەنیسەی تازەش پێویستی بە مۆڵەتی دەوڵەتی عوسمانی هەبوە، بەڵام ئەم داواکاریەی کریستیانەکان زۆربەی جار لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، بەپێی یاساکانی عوسمانی جێبەجێکراوە.(شاهین، ١٩٩٧، ٢٩)

لەگەڵ ئەوەشدا سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی گیانی بەیەکەوە ژیان و هاوکاری لەنێوان پێکهاتە ئاینییەکانی موسڵدا دروستکردوە، هەروەک لە بەڵگەنامەیەکدا هاتوە لە (١١/ شوباتی /١٨٩٣) کە لەلایەن موسڵمانەکان و کریستیانەکانەوە بەیەکەوە داوای نۆژەنکردنەوەی مزگەوت و کڵێسا کراوە، چونکە پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە و نوێکردنەوە هەبوە، ئەم مزگەوتە لەسەردەمی فتوحاتی (عومەری کوڕی خەتاب) دروستکراوە لە سەر بەشێکی کڵێسای (مارحۆرانی) (سریانیە یەعقوبیەکان) کە دەکەوێتە ناو شاری موسڵ، کە موسڵمانان نوێژ و پەرستشەکانیان لەناو ئەنجامداوە، بە تێپەڕبونی کات، بەرەو خاپوربون چوە، خەرجی نۆژەنکردنەوەکەشیان پێدابین ناکرێ، هەرچی تێچوی نۆژەنکردنەوەکەیە بە نزیکەی

(١٠) هەزار قوروش مەزەندە کراوە، ئەگەر بڕە پارەی ناوبراو لە خەزێنەی شاهانە خەرج بکرێت، شوێنەواری کۆنی حەزرەتی فاروق لە خاپوربون ڕزگار دەکرێت، هەربۆیە خەڵکی بە کریستیان و موسڵمانەوە داوا لە حەزرەتی خیلافەتپەناهی دەکەن ئەم مزگەوتە و کڵێسایە لە مەترسی داڕوخاندان ڕزگاربکەن و نۆژەنیان بکەنەوە. (Y.MTV. 115.90.1.)

ئەم داواکاریانەی کریستیانەکان تایبەت بەخزمەتگوزارییە ئاینییەکانی بواری نۆژەنکردنەوەی کڵێساکان زۆربەی جار جێبەجێکراون، بەڕادەیەک چەندین جار کڵێساکانیان لەسەر بودجەی گشتی بۆ نۆژەنکردونەتەوە، وەکو لە بەڵگەنامەیەکدا دەردەکەوێت، کەئاماژەی کردوە بەداواکاری مەزهەبی سریانی موسڵ، بۆ نۆژەنکردنەوەی کەنیسەکەیان، بەمەبەستی ئەنجامدانی ڕێوڕەسمە ئاینییەکانیان، وەڵامی داواکارییەکە بەتەلەگرافێک لەڕێکەوتی (١٩/ شوباتی /١٨٩٣) لەوەزارەتی دادەوە بڕیار دراوە بەنۆژەنکردنەوەی کەنیسەی ناوبراو لەویلایەتی موسڵ، بەمەش وەزارەتی دارایی ئاگادار کراوەتەوە، بەمەبەستی تەرخانکردنی بڕە پارەیەک لە بودجەی گشتی بۆ نۆژەنکردنەوەی کڵێساکە.(الشمس، ٢٠٢٢، ٥٤٣)

سەرەڕای ئەو بارودۆخەش بەڵام ناکۆکی ململانێی ئاینی لەنێوان موسڵمانان بەگشتی و پەیڕەوانی ئاینەکانی دیکە لە ویلایەتی موسڵدا نەبوە، بەهۆی زاڵبونی دەمارگیری ناوخۆیی بەسەر هەمواندا لەژیانی کۆمەڵایەتی هاوبەشدا، ئەمەش وایکردوە کە سەرۆکی قەشەی سریانی کۆن (بهنام) لەموسڵ لە (٢/ کانونی یەکەمی /١٨٩٤) ئاماژە بەوە بکات، کە لەو ویلایەتەی کە میللەتەکەمان تێیدا دەژی، شەرەفی ئەوەی هەیە لە ژێر چاودێری سوڵتانییەتی باڵا (ئیمپراتۆریەتی عوسمانی)دا بێت و تا ئێستاش لەژێر نیعمەتی بێکۆتاییدا دەژین، یەکگرتویی پێکهاتە دڵسۆزەکانی (هاووڵاتیە ناموسڵمانەکان) لەسەر دۆستایەتیی دێرین بنیاتنراوە، بەهۆیەوە سوپاسگوزارین، کە وڵات زیانێکی زۆری پێنەگەیشتوە بەهۆی ئەو کەسە خراپ و نابەرپرسانەی کە خراپەکاریان لە ویلایەتەکانی دەوروبەردا ئەنجام داوە، والی و فەرماندەی سەربازی بە متمانە و دڵنیاییەوە ئەرکەکانیان لە ژێردەستی سوڵتاندا ئەنجامداوە، هەر لەبەر ئەمەشە هەمو ئەندامانی کۆمەڵگاکەمان بوێری ئەوەیان هەیە، لە هەمو کاتێکدا دوعای خێر و بەرەکەت و سوپاسگوزاری بۆ سوڵتان بەناوی هەمو لایەک دەربڕن.(Y.MTV. 132.200.1)

هەروەها بونی ژمارەیەکی زۆری کریستیان لەم ویلایەتەدا وایکردوە، کە ڕۆژئاواییەکان بایەخێکی زۆریان بۆی هەبێت، (کریم، ٢٠٢٤، ١٦٨) بەجۆرێک ئاماری ناوخۆی ویلایەتی موسڵ کە لە (١١/ مارتی /١٨٩٤) ئەنجام دراوە، دانیشتوانی ناوخۆی موسڵ (١٨٤٠٤٢) کەس بوە، بەڵام سەرژمێری قەزای ئامێدی (١٤٠٧٨) کەس بوە، لەگەڵ بونی هۆزە کۆچەرییەکان کە سەرژمێر نەکراون، کەکۆی گشتی کردویەتیە (٢٥٢٤١٦) کەسی نێر و (٢٠٤٣٩٦) کەسی موسڵمان، هەروەها (٧٣) کەسی ئەرمەنی و (١٣) کەسی ڕۆم و (١٣٥) کەسی پرۆتستانت و (١١٥٩) کەسی سریانی، (٥٦٥٣) کەسی سریانی کاسۆلیکی، (١٣٢٢) کلدانی کاسۆلیکی، ئەمە جگە لە بونی خەڵکانیتری یەعقوبی و کاسۆلیک و کلدانی کە سەرژمێرنەکراون ڕێژەیان بە نزیکەی (٥٥٨٩) کەس مەزندەکراوە، بێگومان ئەمەش پەیوەندی بەپیکەوەژیانی ئاشتیانە و تەبایی کۆمەڵایەتی دانیشتوانەوە هەبوە (DH.SFR.172.35.1)

هەر لەچوارچێوەی بەدەستهێنانی مافەکانیان و خزمەتگوزارییە ئاینییەکان کلدانییەکانی ویلایەتی موسڵ داوای نۆژەنکردنەوەی کڵێساکەیان (مارقریاقوس) کە دەکەوتە ناوچەی (رأس الكور) لەموسڵ کردوە، چونکە قوبەکەی بەتەواوی بەرەو خراپبون ڕۆیشتوە و چاوەڕێی ڕوخانی لێکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ ڕێگرییەک لەبەردەم

ئاوەدانکردنەوەیدا نەبوە، چونکە لەتەنیشت ماڵی موسڵمانان نەبوە، هیچ مزگەوت و دامەزراوەیەکی خێرخوازیشی لەتەنیشت نەبوە، جگە لەوەی کە ژمارەی پەیڕەوانی ئەم ئاینە لەم ناوچەیەدا گەیشتۆتە (١٠٣٩) پیاو، لەهەمان کاتیشدا پەیڕەوانی خەرجیەکانیان گرتۆتە ئەستۆ، ئەمەش وایکردوە سوڵتان لە (٢/ ئابی /١٨٩٩) بۆ نوژەنکردنەوەی ئەم کڵێسایە ڕەزامەندی بدات.(بیات، ٢٠١٤، ١٠١- ١٠٢)

## باسی پێنجەم: جەژن و سروتە ئاینی و دابونەریتەکانیان

لەڕاستیدا هەر پێکهاتەیەکی ئاینی و مەزهەبی کۆمەڵێک بنەما و ڕێوڕەسم و سروتی ئاینی تایبەت بەخۆی هەیە، کە پەیرەوکارانی پێوە پابەندکردوە، بەجۆرێک پەیوەندیەکی ڕوحی و کۆمەلایەتی لەنێوانیاندا دروست دەکات، تاڕادەی ئەوەی پابەندبون پێیانەوە و مومارەسەکردنیان لەکات و ساتی خۆیاندا ئاستی وابەستە بونی پەیڕەو کارانی دەردەخات، دیارە کریستیانەکانیش بەگشت مەزهەب و پێکهاتەکانیەوە، خاوەنی بنەما و ڕێوڕەسم و سروت و دابونەریتی خۆیان بون.

بەخوێندنەوەو وردبونەوە لەزانیاری سەرچاوەکان دەردەکەوێت، کە تاڕادەیەک مافی ئازادی پەرستش و ڕۆژنامەگەری بۆ پێکهاتە ئاینییە ناموسڵمانەکان دەستەبەرکرا بو، جگە لەمانە دەستبەسەرداگرتن و ئەشکەنجەدانی زۆرەملێ هەڵوەشێنرا بۆوە، هەرچەندە ئامانجی سوڵتان (عبدالحمیدی دوەم) لەڕاگەیاندنی دەستوردا، بەدیهێنانی ئامانجی سیاسی بوە، بەمەبەستی وەرچەرخانێک لەبەرانبەر سیاسەتمەدارانی وڵاتانی ئەوروپی و پوچەڵکردنەوەی نەخشە و بەرنامەیان، بۆ دەستوەردان لەکاروباری ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی، بەبیانوی باشترکردنی بارودۆخی کریستیانەکانی نیشتەجێی سنوری قەڵەمڕەوی ئەم دەوڵەتە، (طقوش،٢٠١٣، ٤٩٨- ٥٠٠) ئەم دەستورەش زیاتر نمونەی لەیاساکانی وڵاتانی وەک فەرەنسا و بەلجیکا و ئینگلتەرا وەرگیرابو. (کوثرانی، ٢٠١٣، ٤) لەلایەکی دیکەشەوە سوڵتان بەڵێنی دابو بەپاراستنی ژیان و ئازادی و موڵک و ماڵیان، جگەلەوەی مافی ئەنجامدانی ڕێوڕەسمە ئاینییەکانیان و پراکتیزکردنی دابونەریتەکانیان بەپێی ئاین و مەزهەبەکانی خۆیان پێدرابو. (جورج، ٢٠١٦، ٣٩٦)

لەگەڵ بونی مەزهەبە جیاوازەکان لەئاینی کریستیاندا، بەڵام پاراستنی ئەم پێکهاتە ئاینییە و کەنیسەکانیان و دانەنانی هیچ بەربەستێک، بۆ شوێنی پەرستشەکانیان و ڕێو ڕەسمە ئاینییەکانیان، تاڕادەیەکی زۆر جێبەجێکرا بو لای دەوڵەتی عوسمانی، (الجندی، ٢٠١٧، ٢٨) لەگەڵ ئەوەشدا کریستیانەکان داوایان کردوە هەرکاتێک سەرکردەی ڕۆحی خۆیان هەڵبژارد، لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە دانیانپێدابنرێت، (MV.15.63.1.) هەرچەندە پەتریارک دوای ئەوەی لەلایەن پەیڕەوانی ئاینی کریستیانەوە هەڵبژێردراوە و دانپیێدانراوە، بەڵام بۆ جێبەجێکردن و ڕێزگرتن لەیاساکانی دەوڵەتی عوسمانی و دەربڕینی دڵسۆزی بۆسوڵتان، سوێندی لەبەردەم سوڵتان و پێنج کەسی دیکەدا خواردوە، بوئەوەی خیانەت لەدەوڵەتی عوسمانی نەکات، ئەمەش وایکردوە ئەم کەسایەتییە ئاینییە بەرپرسی کاروباری ئاینی کریستیانەکان و سەرۆکی ڕوحی مەزهەبەکەش بێت، بۆیە کارەکانی پەیوەست بەم پێکهاتە ئاینییە لەڕێگەی ناوبراوەوە ئەنجام دراوە، (شاهین، ١٩٩٧، ٢٧-٢٨) هەرچەندە پەتریارکەکان کارمەندی دەوڵەتی عوسمانی نەبون، بەڵام لەلایەن سوڵتانەوە ڕێزیان لێگیراوە، بەجۆرێک دەسەڵاتی سەربەخۆیی دادوەرییان بەسەر شوێنکەوتوانیاندا هەبوە، جگەلەوەی کە هەمو موڵک و ماڵ و وەقفەکانی کەنیسەیان بەڕێوەبردوە.(الجندی، ٢٠١٧، ٢٨)

کریستیانەکان کە دوەم پێکهاتەی ئاینیان لە ویلایەتی موسڵ پێکهێناوە، کۆمەڵێک سروت (طقوس) و جەژن و بۆنە و ڕێوڕەسمی ئاینی تایبەت بەخۆیان هەبوە، لەوانە جەژنی لەدایکبونی پێغەمبەر (عیسا) (سەلامی خوای لەسەر بێت)،

له گرنگترین جەژنە ئاینییەكانیان بوە، كە لە (٢٥) كانونی یەكەمی هەمو ساڵێكدا یادیان كردۆتەوە، كە بەلێدانی زەنگی كڵێسا و نوێژكردن لەسەعات سێی شەودا، ئاهەنگەكە ڕاگەیەنراوە، لەبەیانیشدا كریستیانەكان لەگەڵ خێزانەكانیان بەرەو كڵێساكان ڕۆیشتون، پیرۆزباییان لەیەكدی كردوە و خۆشی و شادیان دەربڕیوە، منداڵەكانیشیان بەكڕینی جۆرەها شیرینی خۆشی و شادی خۆیان دەربڕیوە، دواتریش لەدەوری قەشەكان كۆبونەتەوە، ئەمەش جوانترین وێنەی ئاینی و كوبونەوەی خێزانە كریستیانەكان بوە، ئینجا چالاكییە جۆراو جۆرەكان لەوتاری ئاینی و سرودەكانیان بەهۆی ئەو ڕێوڕەسمەوە ئەنجام دراوە.(بزی، ١٩٦٩، ١١٠- ١١١) هەروەها جەژنی ئاگری پایز كەلە (١٤- ٩)ی هەمو ساڵێک یادیانكردۆتەوە، یەكێک بوە لەجەژنەكانیان و گرنگی و بایەخیان پێداوە، جگە لەجەژنی پەرینەوە، بەواتای پەڕینەوە لەقۆناغی كۆیلایەتی بۆ قۆناغی ئازادی.(عبدالصمد، ٢٠٢٤، ٢٣٠)

یەكێكی دیكە لەجەژنەكانیان بە جەژنی نوێژی درێژ ناسراوە، كە لەبەیانییەوە تانیوەڕۆ درێژەی كێشاوە، هەروەها ئەوانەی بەڕۆژوبون، خۆیان لەچەوری و پرۆتینەكان و بەرهەمە ئاژەڵییەكان بەدورگرتوە، بەجۆرێک ئاماژەیەک هەیە كەهەندێک لەكریستیانەكان سێ ڕۆژ لەسەر یەک بەڕۆژو بون، جەژنەكەش بەدروستكردنی جۆرێكی تایبەتی شیرینی دەستپێكردوە، كەلەلای خەڵكی موسڵ بە (شیرینی خضر ئیلیاس) ناسراوە، دواتریش كریستیانەكان خواردنی تایبەت بەم بۆنەیەیان ئامادە كردوە، (عثمان، ٢٠٠٦، ١٩٤-١٩٥) هەروەها جەژنی گەورە یان جەژنی (قەشە شەمعون) كە دەكەوێتە (٢)ی نیسانی هەمو ساڵێک، جگە لە بەڕۆژوبون لەم جەژنەدا جلوبەرگی فۆلكلۆری خۆیان پۆشیوە و بۆماوەیەک چونەتە دەرەوەی شاری موسڵ، لەم جەژنەدا موسڵمانانیش دیارییان داوە بە دراوسێ كریستیانەكانیان، ئەمەش دەرخەری بەیەكەوە ژیان و ڕێگرینەكردنی سروتەكانی پیكهاتە ئاینییەكانی موسڵ بوە، لەلایەكی دیكەشەوە ئەوە دەردەخات كە دەسەڵاتدارانی عوسمانی ڕێگرییان نەكردوە لە جێبەجێكردنی ڕێوڕەسم و بۆنە ئاینییەكانی كریستیانەكان.(المزیری، ٢٠٠٦، ١٠٩)

لەگەڵ ئەوانەشدا جەژنی بەرزبونەوە، بەواتای بەرزبونەوەی (عیسا) بۆ ئاسمانەكان، ئەم جەژنە دوای چل ڕۆژ لەجەژنی (قیامە) بەڕێوەچوە، ڕێوڕەسمەكانی دەربڕینی خۆشی و شادیە، خەڵكی موسڵ پێیدەڵێن (جەژنی غتسیش)، (بزی، ١٩٦٩، ١١٣- ١١٥) كریستیانەكانی كۆیە ئەم جەژنەیان بە سۆلاقە و جەژنی شەرە ئاویش ناوبردوە، (عبدالصمد، ٢٠٢٤، ٢٣٠) ڕێوڕەسمێكی دیكەیان جەژنی زیندوبونەوەیە، كە ڕۆژێكی پیرۆزە لەلایان، بۆ یادی زیندوبونەوەی پێغەمبەر (عیسا) سەلامی خوای لێبێت ئەنجام دراوە، بەجۆرێكە كە كریستیانەكان بەژمارەیەكی زۆر دەچنە كەنیسە بۆ بەشداری لەو ڕێو ڕەسمە ئاینییەدا، كە تێیدا چیرۆكی زیندوبونەوەی ئەم پێغەمبەرە دەخوێندرێتەوە و دواتریش چالاكییەكانی دیكە ئەنجام دەدرێن، ئافرەتانیش لەو ڕێوڕەسمەدا چالاكیان هەبوە كەخۆی بینیوەتەوە لە كوڵاندنی هێلكە و ئامادەكردنی بە ڕەنگی جۆراوجۆر، منداڵانیش ئەم هێلكانەیان بردۆتە گۆڕەپانی یاریگە و خۆشی و بەختەوەریی خۆیان دەربڕیوە لەم جەژنەدا، لەلایەكی دیكەوە یەكێک لەبنەماكانی بیروباوەڕیان ڕۆژوگرتنی گەورە بوە، كە بەزۆری لەكۆتایی مانگی شوباتەوە دەستپێكردوە، تاسەرەتای مانگی نیسانی هەمو ساڵێک، بەمەش بۆ ماوەی پەنجا ڕۆژ خۆیان پاراستوە لە خواردنی بەرهەمە ئاژەڵییەكان، بەتایبەت گۆشت و هێلكە و چەوری.(عثمان، ٢٠٠٦، ١٩٦)

جگە لەهەمو ئەمانە بەپیرۆزكردن ڕێوڕەسمێكی دیكەی گرنگ بوە لای كلدانییەكان، لەڕێگەیەوە تاک هاتۆتە ناو كۆمەڵگەی كریستیانەكانەوە، هەروەها بوە بەئەندامی كڵیسا و تاوانەكانیشی سڕاوەتەوە، ڕێوڕەسمی پیرۆزكردنەكەش

بەنقومکردنی تەواوی کەسێک لەڕوبارێکدا یان لەحەوزێکدا ئەنجامدراوە، ئەمەش وەکو شوێنکەوتنێک بۆ (مەسیح) کە پیرۆز کراوە لەڕوباری ئەردەن، دواتریش ئەمە پەرەیسەندوە بەتایبەت لەشارەکاندا، بەهەڵکەندنی حەوز لەناو کەنیسەدا، کەسی پیرۆزکراوی تێدا نقومکراوە، ئەگەر شوێنەکەش حەوزی تێدا نەبوبێت، بەسێ جار ئاوکردن بەسەر سەری کەسەکەدا ئەم ڕێوڕەسمە ئەنجام دراوە. (محمد،٢٠٠٧، ٧٩)

سەبارەت بە پشوەکانی ئەم پێکهاتەیە هەمو ڕۆژانی یەکشەممە پشوی ئاینییان بوە، لەم ڕۆژەدا بەمەبەستی ئەنجامدانی ڕێوڕەسمە ئاینییەکانیان چونەتە کڵێساکانیان، پەیوەندیشیان لەگەڵ موسڵمانان تاڕادەیەکی زۆر دۆستایەتی و هاوکاری و هاوئاهەنگی بوە، (عثمان، ٢٠٠٦، ١٢٢) هەروەها ڕێوڕەسمی نەخۆشی لای کلدانییەکان بەجۆرێک بوە، کاتێک یەکێک توشی نەخۆشییەک بوە، کەپێیان وابوە بەهۆیەوە دەمرێت، خێزانی نەخۆشەکە داوایان لەقەشە کردوە سەردانی ماڵەکەیان بکات و مەسحی نەخۆشەکە بە زەیتی زەیتونی پیرۆزکراو بکات، چونکە پێیانوایە ئەم کارە جەستە و ڕوحی نەخۆشەکە لەتاوان پاکدەکاتەوە، هەروەها ئەمە یەکێکە لەدوا ئەرکە ئاینییەکانیان بۆ ئەو کەسە، بەڕادەیەک خێزانە کلدانییەکان هەوڵیان داوە ئەو ڕێوڕەسمە بۆ سەرجەم ئەندامانی خێزانەکانیان مسۆگەر بکەن، (محمد،٢٠٠٧، ٩٠) لەگەڵ مردنی یەکێکیش لەکریستیانەکان، خێزان و خزم و دراوسێ و گوندنشینەکان لەماڵی مردوەکە کۆبونەتەوە، ئافرەتانیش زێڕ و زیوەکانیان لابردوە و جلوبەرگی ڕەشیان پۆشیوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەستیانکردوە بەگریان و ماتەم گێڕان، پیاوانیش هەندێ جار بەدەنگی بەرز گریاون و ماتەمیان گێڕاوە، ئەگەر مردوەکە لەشەودا مردبێت ئەوا کریستیانەکان لەماڵی مردوەکە ماونەتەوە بۆ دڵنەواییان تا خۆرهەڵات، دواتریش مردوەکە براوەتە کڵێسا و ڕێوڕەسمەکانی بۆ ئەنجامدراوە. (المزيرى، ٢٠٠٦، ١٠٨)

لەگەڵ بونی ڕێوڕەسمە ئاینییەکان هەندێک بۆنە و ڕێو ڕەسمی گشتیش لەویلایەتەکەدا هەبوە، لەوانە ساڵیادی هاتنە سەرکاری سوڵتان (عبدالحمیدی دوەم)، کە کەوتۆتە (٣١)ی ئابی هەمو ساڵێک، ئەم بۆنەیە بەبەشداری والی و بەرپرسە ئیداری و سەربازی و سەرکردەی پێکهاتەکانی موسڵ و سەرکردەی پێکهاتە ئاینییە ناسوڵمانەکانیش بەڕێوەچوە، ئەمەش دەرخەری ڕۆڵی کریستیانەکانە لەسەر بەشداری کردنیان لەبۆنەگشتیەکانی ئەم شارەدا.(حسن، ١٩٩٢، ١٠٦) لەگەڵ ئەوەی کریستیانەکانی موسڵ توانیویانە ئازادانە دابونەریت و ڕێوڕەسمەکانیان جێبەجێبکەن، لەبوارەکانی دیکەی کۆمەڵگەشدا ڕۆڵی خۆیان بینیوە، (علي، ٢٠٢٠، ٢٣)بۆ نمونە هەندێک پیشە هەبو لەکۆنەوە کریستیانەکان شارەزاییان تێدا هەبوە و وەکو کەلتور و دابونەریتێک بۆیان ماوەتەوە، لەوانە پیشەی گڵکاری یەکێک بوە لە پیشەگرنگەکانیان لە موسڵ و گوندەکانی دەوروبەری، ئەمانە یەکەم کەس بون ئەم پیشەیەیان ئەنجامداوە، دواتر گواستراوەتەوە بۆ نەوەکانیان، کە لەلایەن ژنان و پیاوانەوە ئەنجام دراوە، بەڕادەیەک کەلوپەلی نایابیان دروستکردوە، لەجۆری گۆزە و پێداویستییەکانی دیکەی ڕۆژانە، گرنگی و بایەخ و زۆری ڕێژەکەی وایکردوە ڕەوانەی بەغداش بکرێت، (الأرقط، ٢٠٢٠، ٢٢٢)کە کریستیانەکان بەتایبەت ئاشورییەکان مێژویەکی دێرینیان لەم شارەدا هەبوە، (MF.MKT.131.36.) دێرینی ئەم پێکهاتەیەش کاریگەری هەبوە لەسەرشارەزایی و ئەزمونیان لەبواری پیشەگەریدا، بەجۆرێک وردەکاری باشیان زانیوە لە کۆمەڵێک کارو پیشەدا، لەوانە هەڵکەندنی بەردی مەرمەڕ، کەپێکهاتەیەکی بنەڕەتی بوە لەبنیاتنانی بیناکانی شاردا، هەروەها کریستیانەکانی کۆیە و شەقڵاوەش کارامەییەکی زۆریان هەبوە لەدرونی ئەو قوماشە ناوخۆییانەی کە جوتیارانی ئەو ناوچەیە جلوبەرگیان لێ دروستکردوە،(قاشا، ٢٠٠٩، ٢٨٨) کە بەگوێرەی زیادبونی ژمارەی دانیشتوان بایەخ و گرنگی ئەم پیشانەش زیاتر بوە. (سالنامە ولایت موصل، ١٣١٢هـ- ١٨٩٤م)

لەڕاستیدا زۆربەی ڕێوڕەسمەکان و پەرستش و جێبەجێکردنی بیروباوەڕەکانیان لەکەنیسەکان بەڕێوەبراوە، کە لەشاری موسڵ چەندین کەنیسەی تێدابوە، کەهەندێکیان مێژویەکی دێرینیان هەیە، لەوانە کەنیسەی (شمعون الصفا) کە یەکێکە لەکۆنترین کەنیسەی کلدانییەکان لەموسڵ دەکەوێتە ناوچەی (مەیاسە)، بونی ئەم کەنیسە کۆنانە کە مێژویەکی دورو درێژیان هەبوە، دەرخەری ئەوەیە کەسیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی بەجۆرێک بوە کە ڕێگرینەکردوە لەدروستکردنی کەنیسە و ئەنجام دانی پەرستشەکان تیایاندا، (عواد، ١٩٥٩، ١٤) هەروەها سریانی کاسۆلیک پەرستگای بەناوبانگیان لەموسڵ بەناوی (دێری بهنام) هەبوە، جگەلەمانەش لەناوچە جیاوازەکانی ویلایەتی موسڵیش پەرستگای تایبەت بەخۆیان هەبوە، بۆ نمونە لە (تلکێف) دو کەنیسەی گەورەیان هەبوە بەناوەکانی (قلب یسوع الاقدس) دڵی پیرۆزی مەسیح، هەروەها کەنیسەی (پێغەمبەران) کە مەبەست لە بطرس و بولسە.(محمود،٢٠٢٤، ٩٣٥) بەجۆرێک لەم قۆناغەدا شاری موسڵ (١٣) کەنیسە و دێری تێدابوە کە جەژن و ڕێوڕەسمە ئاینییەکانیان تێدا جێبەجێکراوە.(سالنامە ولایت موصل، ١٣٠٨هـ - ١٨٩٠م)

بۆ جێبەجێکردنی دابونەریت و بیروباوەڕە ئاینییەکانیان، دەوڵەتی عوسمانی ڕێگەی داوە بەمەزهەبە جیاوازەکانی کریستیانەکان لەموسڵ، کە بەزمانە جیاوازەکانیان جێبەجێیبکەن، بەجۆرێک کلدانەکان بەزمانی کلدانی و سریانییەکان بەزمانی سریانی و لاتینییەکان بەزمانی لاتینی و ڕۆمەکان بەزمانی یۆنانی و ئەرمەنەکان بەزمانی ئەرمەنی، بەڵام مەزهەبە ناکاسۆلیکەکان وەکو نەستورییەکان ڕێوڕەسمەکانیان بەزمانی کلدانی و سریانە یەعقوبییەکان بەزمانی سریانی و ئەرمەنی ئەرسۆدۆکس بەزمانی ئەرمەنی و پرۆستانتەکانیش بەزمانی ئینگلیزی جێبەجێیانکردو..(الهلالی، ١٩٥٩، ١٨٩- ١٩٠)

لەلایەکی دیکەوە کلدانییەکان وەکو بیروباوەڕ و تێڕوانین گرنگی زۆریان بەخێزان و زۆری ژمارەی منداڵ و نەوەکان داوە، چونکە پێیانوابوە زۆری ژمارەی کریستیانەکان مەرجێکە بۆ مانەوەیان و پاراستنیان، لەلایەکی دیکەوە بەڵگەی باوەڕبونە بەخودا و متمانەکردنە بە بەدیهێنەری و خۆشبەختی بەهۆی زۆربونی ژمارەی ئەندامانی کریستیان، (محمد، ٢٠٠٧، ٨٥) دەربارەی هاوسەرگیری کریستیانەکانیش لە کڵێساکانی خۆیان بەسەرپەرشتی قەشەکانیان و بەپێی دابونەریت و ڕێوڕەسمە ئاینییەکانیان ئەنجام دراوە، هەرچەندە بیروڕای جیاواز لەنێوان مەزهەبە جیاوازەکانی ئەم پێکهاتە ئاینییەی موسڵدا هەبوە، دەربارەی ئەم پرسە، بەڵام تەڵاق (جیابونەوە) لای کریستیانەکان بەگشتی بابەتێکی زۆر هەستیار بوە، (میلاد، ١٩٣٣، ٢٠- ٢١) دەربارەی ڕێوڕەسمی هاوسەرگیریش بە بردنی بوک بۆ کڵێسا دەستیپێکردوە، چونکە بەلایانەوە شوێنێکی پیرۆز بوە بۆ ئەنجامدانی ئەو ڕێوڕەسمە، کەبوک بەعەبایەکی ڕەنگ گەشاوە داپۆشراوە، بەهۆیەوە سەری جیاکردۆتەوە لەدەموچاوی، زاواش لەکڵێسا چاوەڕێی بوکی کردوە، ئەم پرۆسەیە بەئامادەبونی خزم و کەسە نزیکەکان وەکو ڕێوڕەسمێکی ئاینی ئەنجام دراوەو پێیگوتراوە (البوارخ)، دواتر قەشەکە نوێژی کردوە و هاوسەرگیریەکەی پیرۆزکردوە، بەمەش گرێبەستی هاوسەرگیرییەکە ڕاگەیەنراوە، بەداواکردنی خێر و سەلامەتی بۆ هاوسەرانی تازە ڕێوڕەسمەکە کۆتایی هاتوە. (عثمان، ٢٠٠٦، ١٨٥- ١٨٦)

ئەوەی تایبەتیشە بە جلوبەرگی ئافرەتانی کریستیان، بەجۆرێک بوە کە لەگوند و لادێکانی باکور و خۆرهەڵاتی موسڵ، جلوبەرگێکی تایبەتیان پۆشیوە، کە لەگەڵ فێرکارییە ئاینییەکان و واقیعی کۆمەڵایەتی خۆیاندا یەکیگرتۆتەوە، کە سەرپۆشێکی گەورەیان بەسەرەوە بوە، بەشێوەیەکی ڕازاوە ئامادەکراوە بەڕەنگی زێڕی، بەڵام ژنانی گەنجی کریستیان بەوە جیاکراونەتەوە کە سەرپۆشێکی نەخشێنراوی بەنرخیان بەسەرەوە بوە، لەگەڵ ملوانکەی زێڕ یان زیو بۆ ملیان و گوارە، لەگەڵ هەمو ئەمانەدا پانتۆڵی درێژیان لەبەرکردوە لەگەڵ کراسی لەخوری دروستکراو.(حسن، ١٩٧٥، ٢١٤)

ئەم پیکهاتە ئاینییە بۆ جێبەجێکردنی بیروباوەڕ و ڕێورەسم و دابونەرێتە ئاینییەکانیان، گرنگی و بایەخیان داوە بەشوێنی پەرستشەکانیان، کەخۆی بینیوەتەوە لە کڵێسا و دێرەکان، بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵیان داوە بۆ نۆژەنکردنەوە و بنیاتنانی کڵێسای تازە، وەک لەو بەڵگەنامەیەدا ئاماژەی پێکراوە، کە دەگەڕێتەوە بۆ (٢٦/ ئابی ١٨٩٧) داواکاری لەلایەن جێگری پاتریاکی کلدانەکان پیشکەشکراوە، بەمەبەستی دەربڕینی ڕەزامەندی بۆ مۆڵەتدان بە دروستکردنی کڵێسا لەو ناوچەیەی کە کلدانەکانی تێیدا ژیاون و لەسەر ئەو زەوییەی کە خاوەندارێتی دەکرێت لەلایەن ئەم پێکهاتە ئاینییەوە، بەو پێیەی پەرستگاکانی کۆمەڵگەی کلدانەکان لە قەزای ئاکرێ و دەرەوەی قەزاکەش لە دۆخێکی وێرانەدان (DH.MKT.1916.106.1.)

سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی بەرامبەر پیاوانی ئاینی کریستیان کە بەشی هەرە زۆری ڕێورەسمە ئاینییەکانی ئەم پێکهاتە ئاینییەیان بەڕێوەبردوە لەویلایەتی موسڵ، بەجۆرێک بوە کە بەڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ کراوە، جگە لەوەی لەکاتی گەشت وگەڕان بەناوچەکاندا دەسەڵاتدارانی عوسمانی بەرپرسیار بون لەدەستەبەرکردنی ئاسایش و پاراستنیان، لەهەمان کاتیشدا پێداویستیەکانیان بۆ دابینکراوە.(المنصوری، ٢٠١٠، ٢٣٩)

ئەوەی لێرەدا دەردەکەوێت ئەوەیە دەسەڵاتدارانی عوسمانی لەویلایەتی موسڵ، تاڕادەیەکی زۆر ڕێگەیان داوە بەکریستیانەکان ئازادانە بیروباوەڕ و داب ونەریت و ڕێورەسمە ئاینیەکانییان جێبەجێ بکەن، ئەگەر چی لەهەندێک لایەنی دیکەوە ستەم لەم پێکهاتەیە کراوە، بەڵام لەو بوارەدا بەهۆی گۆڕانکاریەکانی سەردەمی سوڵتان (عبدالحمیدی دوەم) و هەژمونی دەرەکی بەتایبەت وڵاتە زلهێزە ئەوروپیەکان، کە خۆیان بەپارێزەری ئەم پێکهاتەیە دەزانی، کاریگەری کردۆتە سەر سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی کە لێبوردەتر مامەڵە لەگەڵ کریستیانەکانی ویلایەتی موسڵ بکەن بەراورد بەسەرجەم پێکهاتە ئاینییە ناموسڵمانەکانی دیکە.

## دەرەنجام

لەئەنجامی خوێندنەوەو خستنە ڕوی دیدو بۆچون و سەرنجی سەرچاوەکان و شیکردنەوەیان بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین:

- ویلایەتی موسڵ بەهۆی گرنگی شوێنی جوگرافی ڕەگەز و نەژادی جیاجیای لە پێکهاتە ئاینییە جیاوازەکان تیدا ژیاوە، کریستیانەکانیش لەناوچە جیاوازەکانی ئەم ویلایەتەدا ژیاون، کە خاوەنی کڵێسا و پەرستگای تایبەت بەخۆیان بون.

- کریستیانەکان دەرفەتیان بۆ ڕەخساوە لەبوارەکانی کارگێڕی و کارکردن لە دامودەزگاکانی ویلایەتی موسڵدا، ئەمەش کاریگەری لەسەر بونی ئەوان لەم ویلایەتەدا هەبوە.

- بەپێی یاساکانی دەوڵەتی عوسمانی کریستیانەکان ڕێگەیان پێدراوە بە دامەزراندنی قوتابخانەی تایبەت بەمەزهەبە جیاوازەکانی ئەم ئاینە، بەڕادەیەک لەناوچە جیاوازەکانی ویلایەتی موسڵدا قوتابخانەی تایبەت بەخۆیان هەبوە.

- سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی ڕێگری نەکردوە لەپەرستش و ڕێورەسمە ئاینییەکانی ئەم پێکهاتەیە، بە پێچەوانەوە لەماوەی توێژینەوەدا چەند کڵێسایەکیان بۆ نۆژەنکراوەتەوە، ڕێگەشیان پێدراوە بەزمانە جیاوازەکانیان پەرستش و دابونەریتەکانیان جێبەجێبکەن.

- هەرچەندە مەزهەبە جیاوازەکانی ئاینی کریستیان لەویلایەتی موسڵ لەسەر چەند پرسێک ناکۆک و ناتەبابون، بەڵام ئەم ناکۆکییە کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی بەرامبەر ئەم پێکهاتەیە نەبوە.

## سەرچاوەکان


DH. MKT.1760.67.1.
DH.SFR.172.35.1
DH.MKT.1916.106.1.
DH.SFR.201.69.1.
DH.MKT.194.65.1.
DH.MKT.333.28.1.
DH.TMIK.M.73.49.1.
HR.TH.166.77.1
I.DH.1090.85488.
I.MMS.79.345.1.
MV.15.63.1.
MF.MKT.131.36.
MV.3.14.1.
MV.15.63.1
Y.MTV. 115.90.1.
Y.MTV. 132.200.1

رحمان، ئاشتی (وەرگێران)،(٢٠١٩)، زاخۆ و دهۆک لەبەڵگەنامەکانی عوسمانیدا، (١٢٥٥-١٣٤٢ک/ ١٨٨٤٠-١٩٢٤ز)، ئامادە و پێشکەش کردنی نەوزاد یەحیا باجگر، بەرگی دە، بڵاوکراوەکانی زانکۆی جیهان، خانەی ئەرشیف و بەڵگەنامەکان.

سالنامه ولایت موصل، ١٣٠٨ هـ - ١٨٩٠م، موصل ولایتی مطبعة سندة طبع اولنشمدر.

سالنامه ولایت موصل،١٣١٢هـ ١٨٩٤ م، دفعة اولارق ویلایتک ترتیب اولنان سالنامه سیدر.

الأرقط،عبدالحمید،(٢٠٢٠)، دور الأقلیات الدینیة في المجتمع العراقی خلال العهد العثمانی (١٥١٧- ١٩١٧م)، اطروحة دکتوراه غیر منشورة، کلیة العلوم الاجتماعیة والانسانیة، جامعة الشهید حمة لخضر الوادی، الجمهوریة الجزائیریة الدیمقراطیة الشعبیة.

بعیو، غانیة،(٢٠٠٩)، التنظیمات واثارها علي الولایات العربیة الشام والعراق نموذجا (١٨٣٩- ١٨٦٧)، رسالة ماجستیر غیر منشورة، کلیة العلوم الانسانیة، جامعة الجزائیر.

التمیمی، ماریا حسن مغطاط،(٢٠٠٥)، التجنید في العراق (١٨٦٩ – ١٩٣٥) دراسة تاریخیة، رسالة ماجستیر غیر منشورة، المعهد العالی للدراسات السیاسیة والدولیة، جامعة المستنصریة.

حسن، جاسم محمد،(١٩٧٥)، العراق في العهد الحمیدی (١٨٧٦ – ١٩٠٩م)، رسالة ماجستیر غیر منشورة، کلیة الاداب، جامعة بغداد.

داؤد،أزور جمال،(٢٠١٨)، أوضاع الاکراد الاقتصادیة و الاجتماعیة في ویلایة الموصل في عهد السلطان عبدالحمید الثانی (١٨٧٦- ١٩٠٩)، رسالة ماجستیر غیر منشورة، کلیة الاداب والعلوم الانسانیة، جامعة أل بیت.

الشطری، شاکر حسین دمدوم،(٢٠١٢)، السیاسة تجاه العشائر العراقیة (١٨٦٩- ١٩١٤)، اطروحة دکتوراه غیر منشورة، کلیة أداب، جامعة بغداد.

شعلى و عجلان، اكرام و نوال، (٢٠٢٣)، الموصل في القرن التاسع عشر دراسة سياسية (١٨٣٤ – ١٩٠٩)، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية، جامعة محمد خضير بسكرة.

العباسى، مهدى صالح سعيد (٢٠٠٥)،كركوك في أواخر العهد العثمانى (١٨٧٦-١٩١٤م)، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الأداب، جامعة الموصل.

عثمان، عروبه جميل محمود، (٢٠٠٦)، الحياة الاجتماعية في الموصل (١٨٣٤- ١٩١٨)، اطروحة دكتوراه غير منشورة، كلية الاداب، جامعة الموصل.

مصطفى،لمى عبدالعزيز،(٢٠٠٣)،الخدمات العامة في العراق(١٨٦٩- ١٩١٨)، اطروحة دكتوراه غير منشورة، كلية الاداب، جامعة الموصل.

المنصورى،سامى ناظم حسين،(٢٠١٠)، سياسة الدولة العثمانية تجاه الاقليات العرقية و الطوائف الدينية في العراق (١٨٥٦- ١٩٠٨)، اطروحة دكتوراه غير منشورة، كلية التربية، جامعة القادسية.

محمود، برهان حسن، (٢٠٢٢)، التعايش السلمى بين المسليمين وغيرهم في ضوء مقاصد الشريعة الاسلامية (أقليم كوردستان العراق نموذجاً)، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية العلوم الاسلامية، جامعة السليمانية.

عبدالصمد، زانا طيفور، (٢٠٢٤)،كۆیە لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم تاكۆتایی جەنگی یەكەمی جیهانی، تێزێكی دكتۆرای بڵاونەكراوەیە، فاكەڵتی پەروەردە، زانكۆی كۆیە.

عةلی، شڤان ئیسلام،(٢٠٢٣)، ئاكرێ لەسەردەمی عوسمانیدا (١٨٤٢ – ١٩١٨)، نامەیەكی ماستەری بڵاونەكراوەیە، كۆلێژی ئادابی،زانكۆی سەڵاحەدین.

كريم، عبدالخالد صابر، (٢٠٢٤)، كورد لەدیدی ڕۆژهەڵاتناسانی ئیتالی، فەرەنسی، ڕوسی، ئەڵمانییەوە (١٨٢٠ – ١٩٢٠)، تێزێكی دكتۆرای بڵاو نەكراوەیە، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەكان، زانكۆی سلێمانی.

ريتۆرێ،ژاك،(٢٠٠٨)، گەشتنامەی میسۆنێرێك بۆ كەركوك وسلێمانی لەساڵی ١٨٧٨، و: نەجاتی عەبدوڵڵا، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

زەیدی،موفید، (٢٠١٥)، سەردەمی عوسمانیەكان (1516ز – 1916)، و : بەختیار عزیز، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

هەروتی،سەعدی عوسمان، (٢٠٢٣)، هەولێر لەسەردەمی عوسمانیدا (١٥١٤-١٩١٨)، چاپخانەی كاروان، هەولێر.

احمد، ابراهيم خليل،(١٩٨٢)، نشأة الصحافة العربية في الموصل، وزارة التعليم العالى و البحث العلمى، جامعة الموصل.

بزى، ميخائيل ججو،(١٩٦٩)، بلدة تلكيف ماضيها و حاضرها، مطبعة الجمهورية، موصل.

بيات، فاضل،(٢٠١٣)، المؤسسات التعليمية في المشرق العربى دراسة تاريخية احصائية في ضوء الوثائق العثمانية، مركز الابحاث التاريخ و الفنون و الثقافة الاسلامية، استانبول.

بيات، فاضل،(٢٠١٤)، الموصل من خلال وثائق الارشيف العثمانى و الصور التاريخية المحفوظة في إرسيكا، مركز الابحاث للتاريخ والفنون و الثقافة الاسلامية، استانبول.

الجبورى والجبورى، نهاد عباس شهاب و نصير محمود شكر،(٢٠١٤)، نشأة المدارس المسيحية في العراق، د.م.

الجميل، سيار،(١٩٩٧)، تكوين العرب الحديث، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان.

الجميل، سيار (١٩٩٩)، زعماء وأفندية الباشوات العثمانيون والنهضيون العرب البنية التاريخية العراق الحديث (الموصل نموذجا)، الاهلية للنشر والتوزيع، عمان.

الجندى، خالد عبدالقادر،(٢٠١٧)، الاقليات الدينية في الدولة العثمانية، المسيحية اليهودية الارمنية، مطبعة، IKSAD، أنكرا.

جورج، الأشمندريت اغابيوس، (٢٠١٦)، المسيحية العربية و الشرقية، دراسة تاريخية من عام (٣٠م إلى العام ٢٠١٦م)، ت: ابو سعدى المعلمى، مطبعة الأرشمندريت، أنطوان ديب، لبنان.

الحسنى، عبدالرزاق (٢٠١٣)، العراق قديما و حديثا، الرافيدين للطباعة والنشر والتوزيع، ط3، بيروت.

حسن، جاسم محمد، (١٩٩٢)، الموصل في العهد الحميدى (١٨٧٦ – ١٩٠٩م)، موسوعة الموصل الحضارية، مجلد٤، دارالكتب للطباعة و النشر، جامعة الموصل.

الدومنيكى،الأب جان موريس فييه،(٢٠٠٠)، الاثار المسيحية في الموصل، ت : نجيب قاقو، بحث في تاريخ المبانى المسيحية في الموصل و في قدمها و وضعها الحالى، مطبعة الطيف، بغداد.

رؤوف، عماد عبدالسلام،(١٩٧٥)، الموصل في العهد العثماني فترة الحكم المحلى (١٧٢٦- ١٨٣٤م)، مطبعة الاداب في النجف الاشرف.
شاهين، ثريا،(١٩٩٧)، دور الكنيسه في هدم الدولة العثمانية، دار المناير للنشر والتوزيع، جدة.
شيلدز، سارة،(٢٠٠٨)، الموصل قبل الحكم الوطني في العراق خلية نحل تصنع بيوتا مخمسة الأضلاع، ت: باحثة الجومرد، دار العابد للطباعة والنشر، العراق، موصل.
الصوفي، أحمد على،(١٩٧٠)، تاريخ بلدية مدينة الموصل، ج١، مطبعة الجمهور، الموصل.
طقوش، محمد سهيل،(٢٠١٣)، تاريخ العثمانين من قيام الدولة إلى الانقلاب على الخلافة،ط3، دار النفائس، بيروت.
العزاوى، عباس، (٢٠٠١)، أربل في مختلف العصور(اللواء والمدينة)، الخنساء للطباعة المعدودة، بغداد.
العبيدى، نعمة عبدالخالق جاسم،(٢٠١٥)، الاقليات الدينية في العراق في العهد العثماني الأخير (١٨٣١- ١٩١٤)، مكتبة الحامد للنشر و التوزيع، عمان.
عواد، كوركيس،(١٩٥٩)، مدينة الموصل، مطبعة الحكومة، بغداد.
عوض، عبدالعزيز محمد، (١٩٦٩)، الادارة العثمانية في ولاية سورية (١٨٦٤- ١٩١٤)، دار المعارف بمصر، القاهرة.
عيساوى، شارل، (١٩٩٠)، التاريخ الاقتصادى للهلال الخصيب (١٨٠٠- ١٩١٤)، ت : رؤوف عباس حامد، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت.
غنيمة،حارث يوسف، (١٩٩٨)، البروستانت والإنجيليون في العراق، مطبعة الناشر المكتبي، بغداد.
قاشا،سهيل،(٢٠٠٩)، مسيحيو العراق، شريكة دار الوراق للنشر المعدودة، د. م.
قاشا، الأب سهيل،(٢٠١٠)، الموصل في القرن التاسع عشر دراسة سياسية (١٨٣٤- ١٩٠٩)، التنوير للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت.
كواترت، دونالد،(٢٠٠٤)، الدولة العثمانية (١٧٠٠ – ١٩٢٢)، ت: ايمن الأرمنازى، مكتبة العبيكان، المملكة العربية السعودية، الرياض.
لونكريك،ستيفن همسيلى،(١٩٩٨)، العراق الحديث من سنة (١٩٠٠ إلى سنة ١٩٥٠)، ج١، ت : سليم طه التكريتى، الفجر للنشر و التوزيع، بغداد.
محمد، عصام ابراهيم،(٢٠٠٧)، طائفة الكلدان في العراق دراسة انثروبولوجية.
مراد، خليل على، (١٩٩٢)، الموصل بين السيطرة العثمانية وقيام الحكم الجليلى (٩٢٢- ١١٣٩هـ/ ١٥١٦-١٧٢٦م)، موسوعة الموصل الحضارية، ج٤، دارالكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل، موصل.
مرعى، فرست،(٢٠٠٨)، دراسات في تاريخ اليهودية والمسيحية فى كوردستان، دار ئاراس للطباعة والنشر، أربيل.
المزيرى، شعبان، (٢٠٠٦)، ولاية الموصل في النصف الثانى من القرن التاسع عشر دراسة أوضاعها الاقتصادية والاجتيماعية (١٨٥٠- ١٩٠٠)، دارجيا للطبع و النشر، بغداد.
ميلاد،سلوى علي،(١٩٨٣)، وثائق اهل الذمة في العصر العثماني و أهميتها التاريخية، دار الثقافة للنشر و التوزيع.
نجار، جميل موسى،(٢٠٠١)، التعليم في العراق في العهد العثماني الأخير (١٨٦٩ – ١٩١٨م)، دار الشؤون للثقافة العامة، بغداد.
الهلالى، عبدالرزاق، (١٩٥٩)، تاريخ التعليم فى العراق فى العهد العثمانى(١٦٣٨ – ١٩١٧)، الطبع والنشر الاهلية، بغداد.
هومي،جرجيس جبرائيل، (١٩٥٩)، القوميات العراقية ماضيها و حاضرها، مطبعة الارشاد، بغداد.
الوردى،علي، (١٩٦٩)، لمحات الاجتماعية من تاريخ العراق الحديث (من عام ١٨٧٦ إلى عام ١٩١٤)، مطبعة الارشاد، بغداد.
الحمدانى، سالم،(١٩٧٩)، التعليم في الموصل في القرن التاسع عشر، مجلة اداب الرافيدين، العدد (١٠).
الحميداوى، بان راوى شلتاغ،(٢٠٠٩)، التقسيمات الادارية لسنجق السليمانية خلال العهد العثماني الأخير (١٨٦٩- ١٩١٨م) مجلة القادسية في الاداب والعلوم التربوية، جامعة القادسية، المجلد (٨)، العدد (٣).
الدورى، حازم مجيد أحمد، (٢٠١٠)، تطور التعليم في العراق (١٨٥٠ – ١٩١٥)، مجلة سامراء، المجلد (٦)، العدد (١٨)، سنة (٦)، كانونى الثانى.
الشمس، حسن صادق ابراهيم، (٢٠٢٢)، سياسة الدولة العثمانية تجاه الاقليات غير مسلمة، مجلة الشريعة و الدراسات الاسلامية، جامعة الكويت، مجلد (٣٧)، العدد (١٣٠).

صائغ،بان احمد،(٢٠١٢)، سياسة بريطانيا تجاه النصارى واليهود في الدولة العثمانية (١٨٣٩- ١٩١٤) دراسة تاريخية، مجلة التربية و العلم، جامعة الموصل، مجلد(١٩)، العدد (٥).

الطائی، ذنون يونس،(٢٠٠٥)، سجلات مجليس ادارة لواء الموصل مصدر الدراسة تاريخ الموصل المعاصر، مجلة دراسات الموصل، مجلد (٤)، العدد (١٠).

علي، حسين،(٢٠٢٠)، ولاية الموصل في العصر العثمانی من خلال سالنامات العثمانية أعداد سنة (١٣٠٨هـ/١٨٩١م – ١٣١٠هـ/ ١٨٩٣م – ١٣١٢هـ/ ١٨٩٥م – ١٣٢٥هـ/ ١٩٠٨م - ١٣٣٠هـ/ ١٩١٢م)، مجلة دراسات الموصلية، العدد (٥٦).

عبدالقادر، عصمت برهان الدين،(١٩٩٨)، أوضاع ولاية الموصل السياسية والاقتصادية والاجتيماعية و الثقافية من خلال سالنامات الموصل العثمانية، مجلة المجمع العلمی العراقی، ج٢، العدد(٤٥)، بغداد.

كوثرانی، وجيه،(٢٠١٣)، التنظيمات العثمانية و الدستور بواكير الفكر الدستوری نصا و تطبيقا و مفهوما، مجلة تبين، العدد (٣).

مصطفی، لمی عبدالعزيز، (٢٠٢١)، أوضاع التعليم الرسمی في كركوك (١٨٧٠ – ١٩١٤م)، مجلة الاداب الرافيدين، جامعة الموصل، ملحق العدد( ٨٤/١).

محمود، محمود محمد، (٢٠٢٤)، الاديان من التعايش السلمی دراسة تحليلية لطبيعة العلاقة بين المسلمين و المسيحيين والايزيديين في العراق، مجلة الأكاديمية لجامعة نوروز، مجلد (٣)العدد (١).